بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، حەشدی شەعبی لە کەرکووک چەک بەسەر ئەندامانی دابەشدەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5676) دووشەممە 21ی کانونی دووەمی 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە ئاشکرای کرد، حەشدی شەعبی لە کەرکووک خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ئامادە کردووە و چەکیشیان بەسەر ئەندام و لایەنگرانی یەکێک لە گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی دابەشکردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هێزەکانی ئەمەریکا بەنیازن بگەڕێنەوە خانەقین

بەرپرسی لقی15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین گوتی، هێزەکانی ئەمەریکا هاتبوونە خانەقین و بەنیازن بارەگاکانی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش وای کردووە حەشدی شەعبی ترسێکی گەورەی لێ نیشتووە و لە چەند شوێنێکیش دوو گرووپی حەشدی شەعبی هێزەکانیان کشاندووەتەوە، بۆیە ئەگەر هێزی ئەمەریکا بگەڕێنەوە جۆرێک لە ئارامی لە ناوچەکە دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکییەکان باسیان لەوە کردبوو لەگەڵ هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەگەڕێنەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

جەخت لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا و یەکگوتاریی و تەبایی لە کوردستان کرایەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە ئەمیندارێ گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد



دوێنێ یەکشەممە 2019/1/20 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دواینێ پێشهاتەکان و گۆڕانکاری و هاوکێشەکان لە ئاستی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیروڕا لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئالۆگۆڕ کرا.

لەو دیدارەدا جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان هەردوولا و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی یەکگوتاریی و تەبایی لە کوردستان و پتەوترکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کرایەوە.

فازڵ میرانی: سەرۆک بارزانی هەمیشە ویستوویێتی نوێنەری هەموو بەشەکانی کوردستان بێت



لە بەشی سێیەمی بەرنامەی (الذاکرە السیاسیە) کە لە کەناڵی (العربیە) پێشکەش دەکرێت، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بارزانیی نەمر وەکو سەرکردەی نەتەوەیەک سەیر دەکرا و لەلایەن زۆربەی کەسایەتی و لایەنە کوردستانییەکان بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

هەروەها فازڵ میرانی ئەوەشی خستەڕوو باسکردنی شەڕی ناوخۆ لە لایەن هەر تاکێکی کوردەوە دەبێتە هۆی دڵ ئێشە، چونکە ئەم ڕەفتارە لە ڕەوشتی کورد نییە و لێی ناوەشێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ شاندی دانوستانکاری پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە

فرسەت سۆفی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە باسنیوزی ڕاگەیاندووە کە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەکێتی کۆببێتەوە.

دوێنێ یەکشەممە 2019/1/20 فرسەت سۆفی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاگادارکردنەوە هەروەها ڕوونیشیکردووەتەوە کە کۆبوونەوەکەی پارتی لەگەڵ یەکێتی بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، هەروەها فرسەت سۆفی ئومێدی ئەوەشی خواستووە لەو کۆبوونەوەیەدا بتوانن خاڵی هاوبەشیان هەبێت.

سەبارەت بە کۆبوونەوەی پارتی و گۆڕانیش، سۆفی گوتوویەتی: دوای کۆبوونەوەی شاندی پارتی و یەکێتی لە شاری سلێمانی، بڕیارە ڕۆژی سێشەممە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆببنەوە.

نەجمەدین کەریم: دەبێ دوای دروستکردنی حکوومەت هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە بدرێت



لە ڕۆژی (تۆلیبی نیشتیمانی) کە ساڵانە لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن، زۆربەی شارەکانی هۆڵەندا بە گوڵی جۆری (تۆلیب) ڕازێنراوە، لەم ڕۆژەدا 200 هەزار جۆر لە گوڵە بەهەمور ڕەنگەکانی لە گۆڕەپانێک ئایشکرا و بە سەدان هۆڵەندییەکانیش ڕیزیان بەست بۆ ئەوەی دانەیەک بە خۆڕایی وەربگرن.



نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی و تەنانەت جەماوەری یەکێتیشە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، هەروەها گوتیشی: ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا لەسەر ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕاستە چەند کەسێک بوونە لەناو یەکێتی ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لەدەستدانی کەرکووک و شنگال و خانەقین و شوێنەکانی دیکە لە ئەنجامی ئەو کارە بووە کە لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عارف روشدی: دوو لیژنە بۆ ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەت دروستکراون

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاند، لیژنەکانی تایبەت بە ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، دەستیان بە کار کردووە، هەر کاتێکیش گەیشتنە ئەنجام، ڕاپۆرت بۆ سەرووی خۆیان بەرز دەکەنەوە و دواتریش کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵادا ئەنجام دەدرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

یەکێتیی ئەوروپا خوازیاری ئەوەیە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە دیداربدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، یەکێتیی ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا لە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دەکەن پەلە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت بکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



پێش هەڵاتنی خۆری ئەمڕۆ، مانگگیرانی نیمچەیی لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویدا

بەرەبەیانی ئەمڕۆ، دووشەممە 2019.1.21 یەکەم دیاردەی مانگ گیران لە ساڵی 2019دا ڕوویداو بە شێوەیەکی نیمچەیی هەرێمی کوردستانی گرتەوە. **(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)**

500 مێگاوات بۆ کارەبای هەرێم زیاد دەبێت

بەڕێوەبەری گشتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان گوتی: بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا 500 مێگاوات کارەبای دیکە زیاد ببێت، بەمەش دەتواندرێت چەند سەعاتێک زیاتر کارەبای نیشتیمانی بە هاوواڵتیان بدرێت. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**

کچەکەی هەڵەبجە بە فەرمی ناسنامەی پێدرا



پاش چەند ساڵ کێشە و گرفت، بۆ مریەم هەڵەبجەیی سەرەنجام دوێنێ یەکشەممە 2019/1/20 لە دادگایەکی فەرمیدا لە هەولێر بڕیار درا ڕەگەزنامەی عێراقیی پێ بدرێت. **(زیاتر لە ل8 بخوێنەوە)**

فەرماندەیەکی پێشمەرگە: بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا حەشدی شەعبی لە کەرکووک چەک بەسەر ئەندامانی دابەشدەکات



بەرپرسی لقی15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین گوتی، هێزەکانی ئەمەریکا هاتبوونە خانەقین و بەنیازن بارەگاکانی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش وای کردووە حەشدی شەعبی ترسێکی گەورەی لێ نیشتووە و لە چەند شوێنێکیش دوو گرووپی حەشدی شەعبی هێزەکانیان کشاندووەتەوە، بۆیە ئەگەر هێزی ئەمەریکا بگەڕێنەوە جۆرێک لە ئارامی لە فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە ئاشکرای کرد، حەشدی شەعبی لە کەرکووک خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ئامادە کردووە و چەکیشیان بەسەر ئەندام و لایەنگرانی یەکێک لە گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی دابەشکردووە.

لیوا حەمە ڕێگر، جێگری بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لە بەرەی پردێ بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، دیار نییە کە نیازی ئەمەریکییەکان بۆ سنوورەکە چییە، بەڵام ئەوەی کە ئاگادار بم، لەم ڕۆژانەی رابردوو، نزیکەی 100 سەرباز و ئەفسەری ئەمەریکی هاتنە نێو سەربازگەی کەیوەن لە کەرکووک، بەڵام ئێستر نازانم دواتر ژمارەی سەربازەکانیان زیاد کردووە یاخود نا. لەبارەی ئەوەی ئایا هێزەکانی ئەمەریکا نیازی وەدەرنانی حەشدی شەعبییان لە سنووری کەرکووک هەیە؟ لیوا حەمە ڕێگر ئاماژەی بەوە کردووە: ئێمە پێمان باشە لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکانی ئەمەریکا حەشدی شەعبی لە سنووری کەرکووک ڕامالن، بەڵام ئەو خواستە زەحمەتە وا بە ئاسانی جێبەجێبکرێت، چونکە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دەوە هێزێکی کوردی دەستی میلیشیاکانی گرت و هێنایانن بۆ سنووری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە و ئێستاش دەیان جۆری گرووپی جیاجیای حەشدی شەعبی لە سنووردان.

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە ئاشکرای کردووە: ڕێکخراوی بەدری سەر بە حەشدی شەعبی لەم ڕۆژانەی رابردوودا لە شاری کەرکووک، چەکی کلاشینکۆف و چوار مەخزەن فیشەکیان داوەتە هەر ئەندام و لایەنگرانی خۆیان، تەنانەت داویانە بە بەشێک لە تورکمانەکانیش و بەو کەسانە ڕاگەیاندراوە کە دەبێت شەڕی کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵ ئەمەریکییەکان بکەن لە ئەگەری هاتنیان بۆ ناو شارەکە. ڕوونیشی کردەوە کە ئێستا هەوڵێکی جددی هەیە بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک، تاوەکو بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە کەرکووک و هەروەها ئایش بگەڕێتەوە ناو سەنتەری شاری کەرکووک، ئەوکاتە دۆخی ئەمنیی کەرکووک چارەسەر دەکرێت.

بەرپرسی لقی15ی پارتی:

هێزەکانی ئەمەریکا بەنیازن بگەڕێنەوە خانەقین

بەرپرسی لقی15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەردانی بارەگا کۆنەکانی خۆیان کردووە لە خانەقین، هێزەکانی سەرایا سەلام و گرووپی خەزعەلی هێزەکانی کشاندووەتەوە و ترسێکی گەورەیان لێ نیشتووە.

شێخ جەعفەر مستەفا گوتیشی: هێزەکانی ئەمەریکا لە خانەقین سەردانی بارەگای کۆنی خۆیان لە بەرامبەر دادگای خانەقین و شوێنی فەرماندەیی هێزەکانی گەرمیان و سەربازگەی کوبرا و لە سنووری نەفتخانە سەربازگەی باخچەیان کردووە و بە خەڵکیان گوتبوو، دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە و بارەگا کۆنەکانی خۆیان دەوروبەری خانەقین ئەمەریکییەکان باسیان لەوە کردبوو لەگەڵ هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەگەڕێنەوە.

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی15ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا سەردانی بارەگا کۆنەکانی خۆیان کردووە لە خانەقین، هێزەکانی سەرایا سەلام و گرووپی خەزعەلی هێزەکانی کشاندووەتەوە و ترسێکی گەورەیان لێ نیشتووە.

شێخ جەعفەر مستەفا گوتیشی: هێزەکانی ئەمەریکا لە خانەقین سەردانی بارەگای کۆنی خۆیان لە بەرامبەر دادگای خانەقین و شوێنی فەرماندەیی هێزەکانی گەرمیان و سەربازگەی کوبرا و لە سنووری نەفتخانە سەربازگەی باخچەیان کردووە و بە خەڵکیان گوتبوو، دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە و بارەگا کۆنەکانی خۆیان دەوروبەری خانەقین

لەوەشکرد: سەردانی بارەگای لقی ئێمەشیان کردبوو کە حەشدی شەعبی لێ بوو، بەڵام حەشدی شەعبی هیچ قسەیان نەکردبوو، بەڵام باسیان لەوە کردبوو ئێمە بە هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەگەڕێینەوە بۆ ناوچەکە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە و دەبێتە هۆی ئەوەی تووندوتیژی نەمێنێت و ئارامی بگەڕێتەوە ، لەبەر ئەوەی هیچ بۆشاییەکی ئەمنی نامێنێت.

بەغدا 8 ملیار دینار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە تەرخان دەکات

ئاسر هەرکی، ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، لە کۆبوونەوەی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی وشکانی، ئاسمانی و دەریایی عێراق، فەرماندە عێراقییەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە ئەوەی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆر کردوویەتی شایانی لەبەرچاوگرتنە.

ئاسر هەرکی بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: لە کۆبوونەوەکەدا فەرماندە سەربازییەکانی عێراق ڕایانگەیاندووە، ئەوان ڕازی بوونە 8 ملیار دینار بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ ئەوەی بۆ پێشمەرگە خەرج بکرێت. ئەو ئەندامەی لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، ڕاشیگەیاندووە، ئاماژە بەوە نەکراوە ئەو بڕە پارەیە لە لایەن خودی وەزارەتی بەرگری دابەشبکرێت یاخود نا، بەڵام بڕیاری لەسەر دراوە. ئاسر هەرکی دووپاتیشیکردەوە، ئەوان دانیان بەوەدا ناوە کە نەتواندراوە داعش لە هەندێ شوێن بنبڕ بکرێت، بۆیە پێویستە هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگەدا هەبێت و لەسەر ئەوە بگەنە ڕێککەوتن، کە ئاسایشی ئەو شوێنانە بە هەماهەنگی لەنێوان هەردوو لا بپارێزرێت، بۆ ئەوەی ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش بکرێت. جەختیشی کردەوە، عێراق گەیشتووەتەوە ئەو بڕوایەی کە ناتوانن بەبێ پێشمەرگە داعش لەو ناوچانە بنبڕ بکەن، هەروەها گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە بەڕاستی پێشمەرگە بەشێکی گرنگە لە سیستەمی بەرگری عێراق.

عارف روشدی: دوو لێژنە بۆ ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەت دروستکراون



ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاند، لێژنەکانی تایبەت بە ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، دەستیان بە کار کردووە، هەر کاتێکیش گەیشتنە ئەنجام، ڕاپۆرت بۆ سەرووی خۆیان بەرز دەکەنەوە و دواتریش کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵادا ئەنجام دەدرێت.

عارف روشدی، بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان لە نێوان لایەنەکاندا بەردەوامن و دوو لێژنە پێکهێنراون، یەکێکیان بۆ ڕێککەوتنی سیاسی و ئەوەی دیکەش بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، لێژنەی ڕێککەوتنی سیاسی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە و لێژنەی پێکهێنانی حکوومەتیش کۆدەبێتەوە، ئەمە لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، سەبارەت بە گۆڕانیش بە هەمان شێوە لێژنە دروستکراون. ڕوشدی گوتیشی: گەشبینین لێژنەکان بگەنە ئەنجامی باش و دوای گەیشتنە ئەنجامێکیش، کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵادا ئەنجام دەدرێت و تێیدا بڕیارێک دەدرێت لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتانەی ئامادە دەکرێن، هەموو هەوڵێکیش دەدرێت بەمزووانە ڕێککەوتن بکرێت، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا حکوومەت دروست بکرێت.

ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دەشڵێت: بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێدا، پارتی جارێ گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دەکات، بەڵام سەبارەت بە هەبوونی پەیوندی لەگەڵ لایەنەکاندا، پارتی سیاسەتێکی کراوەی هەیە.

نەجمەدین کەریم: دەبێ دوای دروستکردنی حکوومەت هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە بدرێت

ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا لەسەر ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە



نەجمەدین کەریم، پاریزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی و تەنانەت جەماوەری یەکێتییشە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، هەروەها گوتیشی: ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا لەسەر ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕاستە چەند کەسێک بوونە لەناو یەکێتی ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لەدەستدانی کەرکووک و شنگال و خانەقین و شوێنەکانی دیکە لە ئەنجامی ئەو کارە بووە کە لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا.

هەروەها نەجمەدین کەریم پاریزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی و تەنانەت جەماوەری یەکێتییشە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، هەروەها گوتیشی: ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا لەسەر ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕاستە چەند کەسێک بوونە لەناو یەکێتی ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لەدەستدانی کەرکووک و شنگال و خانەقین و شوێنەکانی دیکە لە ئەنجامی ئەو کارە بووە کە لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا.

هەروەها نەجمەدین کەریم پاریزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت کە ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی و تەنانەت جەماوەری یەکێتییشە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، هەروەها گوتیشی: ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا لەسەر ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕاستە چەند کەسێک بوونە لەناو یەکێتی ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لەدەستدانی کەرکووک و شنگال و خانەقین و شوێنەکانی دیکە لە ئەنجامی ئەو کارە بووە کە لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا.

نەجمەدین کەریم،

فازڵ میرانی بۆ (العربیە):

سەرۆک بارزانی هەمیشە ویستوویێتی نوێنەری هەموو بەشەکانی کوردستان بێت

وڵاتانی ئیقلیمی بۆ دەستوەردانە ناو کوردستان سوودیان لە شەڕی ناوخۆ وەرگرت

لە بەشی سێیەمی بەرنامەی (الذاکرە السیاسیە) کە لە کەناڵی (العربیە) پێشکەش دەکرێت، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بارزانیی نەمر وەکو سەرکردەی نەتەوەیەک سەیر دەکرا و لەلایەن زۆربەی کەسایەتی و لایەنە کوردستانییەکان بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.



هەروەها فازڵ میرانی ئەوەشی خستەڕوو باسکردنی شەڕی ناوخۆ لە لایەن هەر تاکێکی کوردەوە دەبێتە هۆی دڵ ئێشە، چونکە ئەم ڕەفتارە لە ڕەوشتی کورد نییە و لێی ناوەشێتەوە، ئەوەشی نیشاندا لە ساڵی 1970 مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد گەڕانەوە ڕیزەکانی پارتی و بارزانیش جارێکی دیکە لەوانی بەخشی، سەرەڕای هەبوونی بەرهەڵستی لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوکات بارزانی گوتی من بە گەڕانەوەیان ڕازیم نەبادا حکوومەتی عێراق دەستی لە تیرۆرکردنیان هەبێت و ئەو کات مام جەلال بووە نوێنەری بارزانی لە لوبنان.

میرانی دووپاتیشیکردەوە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت و ئەوکات هەندێک لایەنی یەکێتی ئەوەیان بە باشزانی پارتی لەناو ببەن و شەڕێکی بچووکیان بە دەرفەت وەرگرت بۆ شەڕکردن لەگەڵ پارتی و ئەندامانی پارتیش لە چەند شارێک دەرکران و وڵاتانی ئیقلیمیش سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرت و دەستیانوەردایە نێو کاروباری کوردستان و یەکێتیش پشتی بە ئێران بەست و پارتیش لەنێو گوشاری یەکێتی و ئێران و پەکەکە بوو، بۆیە داوای یارمەتی لە حکوومەتی عێراق کرد و پارتیش نایشارێتەوە و هەر ئەو حزبەش تەحەمولی ئەنجامەکە دەکات.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئەوەشی نیشان دا پارتی لە نێوان بوون و نەبوونداً مابوو، بەڵام هەروەها پارتی تاوانەکانی سەددام لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەیاد ناکات، بەڵام هەر هیچ نەبێت ئەوەی پارتی کردی لە نێوخۆی عێراقدا بوو، بەڵام تورکیا بەهۆی هەبوونی پەکەکەوە تەدەخولی کرد.

میرانی ئەوەشی دووپات کردەوە پارتی لە هەولێر دەرکرا ئەوکات و یەکێتیش دواتر لە هەولێر نەما و دواتر ڕێککەوتنی واشنتۆن ئیمزاکرا بە چاودێری مادلین ئۆلبرایت.

فازڵ میرانی ئەوەی خستەڕوو بەڕۆژهەندییە گشتییە باڵاکان بوونە هۆی ئەو ڕێککەوتنە دێرینەی هەن کە سەرۆک بارزانی هەرێمی کوردستان لە وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992-1993 بە دەستنووس داوای لە پارتی کردووە نیوەی داهاتی گومرگ بداتە دارایی یەکێتی و ئەوەی دیکەش بۆ مووچەی فەرمانبەران، بەڵام پارتی هیچ کاتێک کار بەو شێوە دێرینەی کورد لە لای پارتی لە هەموو شتێکەوە گرنگترە .

میرانی نیشانی دا ڕێککەوتنی 11ی ئادار دوای دەرچوونی بڕیاری لەناوبردنی ڕژێمی سەددام حوسێن و هەموو لایەنە گەورەکان بەرژەوەندیان لە هەبوونی کوردستانێکی سەقامگیر هەبوو.

میرانی ڕەتیکردەوە تەسلیمکردنی ئۆجەلان بۆ تورکیا پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەبووبێت و نیشانیدا تورکیا تا ئێستا بە لەناوبردنی پەکەکە سەرکەوتوو نەبووە، ئێستاش قەناعەتی بەوە نەهاتووە چارەسەری چەکداری نایگەینێتە ئەنجام، ئەوەشی دووپاتکردەوە هەبوونی پەکەکە و حزبە بەرهەڵستەکارەکانی ئێران زۆرجار دەبنە بارگرانی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا حکوومەتی عێراق خۆی پاڵپشتی پەکەکە دەکات و هەر خۆیشیان لە نێو چیای شنگال نیشتەجێیانکردن .

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ڕەنگە شەڕی پارتی و یەکێتی بە هۆی دەستگرتن بە دەسەڵاتەوە هەبووبن و ئاشکراشی کرد بڕیارێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ کوردستان و ئەو کات کە ئەو پێشمەرگە بوو لە ئەشکەوتێکدا بوو، دەزاندرا کە گفتوگۆ هەیە و ئەوکات کە ئەحمەد حەسەن بەکر بەیاننامەی 11ی ئادارە ڕاگەیاند، پێشمەرگە تەقەی خۆشی کرد و هەموو لایەک دڵخۆشبوون بە خۆشی گەڕانەوە بۆ شار و جێهێشتنی شاخ و گەڕانەوە بۆ باوەشی خانەوادەکانیان و وەستانی شەڕ، ئەوەشی نیشاندا گفتوگۆی نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەمیشە لە یادی تاکی کورد دا ماون و یادیان دەکرێت و زۆر جاریش گفتوگۆ کراوە، تەنها بۆ بەرژەوەندی جوتیاری کورد، بەڵام حکوومەتی عێراق کاتی هودنە و ئاگربەستی بۆ دووبارە داڕشتنی پلان تەرخان دەکرد بۆ لەناوبردنی کوردستان.

میرانی دووپاتیکردەوە هیچ کاتێک سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان وەکو هەندێک لە سیاسەتمەداری ئێستای عێراق نەبووە کە لەگەڵ ئێران بووبێت لە دژی حکوومەتی عێراق، بەڵام ئامانجی سەرەکی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەناوبردنی سەددام بوو، نیشانیشی دا پێشمەرگە گەڕایەوە کوردستانێکی وێران، بەڵام ئەوانی دیکە بۆ شارەکانی خۆیان گەڕانەوە و کورد بە هەموو شێوەیەکەوە زەرەرمەندی دەستی ڕژێم بوو و قوربانی چەندین تاوانی سەددام بوو.

فازڵ میرانی ئەوەشی نیشاندا پێشمەرگە لە شەڕی عێراق و ئێران چەندین شۆێنی کوردستانی ئازادکرد و ئەمەش سوپای عێراقی ماندووکرد، ئاشکراشی کرد لە ساڵی 1981 برایەکی بە دەستی ڕژێم شەهید کرا و لە ساڵی 1970ش باوکی لە دەستدا، بەبێ ئەوەی بیبینێت و هەروەها دایکیشی و دووپاتیشی کردەوە گومان لەوە دەکرێت بۆ ژەهرخواردکرابێت، چونکە دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەرچوو، کۆچی دوایی کرد و هۆکاری گرتنەکەیشی تەنها بۆ ئەوە بووە کە برای بووە و بە هیچ شێوەیەک ئەندامی پارتی نەبوو، پێشمەرگە نەبوو.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی نەیشاردەوە لەسەر ئاستی تایبەتییەوە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام کۆچی دوایی بارزانیی کاریگەریی زۆر زیاتر بوو، چونکە براکەی لە خۆی چوو، بەڵام بارزانیی نەمر و شەهید ئیدریس بارزانی لە میللەتێک ڕۆیشتن، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر پێشمەرگەوە هەبوو، نەیشاردەوە کە ئەو لە ئەمەریکا بوو، کاتێک بارزانی کۆچی دوایی کرد و زۆریش بۆ وەفاتی گریا و وەفاتی بارزانیش کاریگەری بەسەر هەموو کوردەوە هەبوون، چونکە بارزانی وەکو سەرۆک بارزانی و مام جەلال نەبوو، بارزانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەکو سەرکردەی نەتەوەیەک سەیر دەکرا، ئەوەشی خستەڕوو سەرۆک مسعود بارزانی هەمیشە ویستویەتی نوێنەری هەموو بەشەکانی کوردستان بێت بەڵام هەر سەرکردەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئایندەش دروست دەکرێت و خەونی پێوە نابیندرێت .

هێمن هەورامی و بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتیی ئەوروپا کۆبوونەوە

یەکێتیی ئەوروپا خوازیاری ئەوەیە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



لە دیداریدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان پوختەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و گفتوگۆی پارتی لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت بکەن. بە مەبەستی ئاگادار بوون لە دوایین ڕەوشی سیاسی و گفتوگۆی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەوروپا سەردانی فراکسیۆنی پارتیی لە پەرلەمانی کوردستان کرد.

دوێنێ یەکشەمە، ڕێککەوتی 2019/1/20، هێمن هەورامی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی فراکسیۆن پێشوازیی لە خاتوو کلاریس پاستوری بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کرد.

بەگوێرەی مالپەڕی پارتی، لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پوختەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و گفتوگۆی پارتی لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی شیکردەوە.

سەبارەت بە گفتوگۆی پارتی و لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان، هێمن هەورامی ڕایگەیاند: ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چەندین گفتوگۆی لەگەڵ لایەنەکان ئەنجامداوە و ئێستا کۆمیتەی هاوبەش بەجیا پێکهاتووە لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی هەرێمی کوردستان و بەرەو ڕووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەیوەندییەکانمان بەرەو پێشچووە و کورد دەیەوێت هاوبەشیکی سەرەکی و ڕاستەقینە بێت لە حوکمڕانیی عێراق. هەروەها جێبەجێکردنی بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراق بە تایبەتی ماددەی 140 و بابەتی بوودجە و پێشمەرگە و چاکردنی دۆخی ئێستای کەرکووک و دەوروبەری.

هەورامی گوتی: ئێستا پەیوەندییەکانیان بەرەو هەولێر و بەغدا، هێمن لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا خاتوو کلاریس پاستوری بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ڕەنگە شەڕی پارتی و یەکێتی بە هۆی دەستگرتن بە دەسەڵاتەوە هەبووبن و ئاشکراشی کرد دیکۆمێنتە هەن کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992-1993 بە دەستنووس داوای لە پارتی کردووە نیوەی داهاتی گومرگ بداتە دارایی یەکێتی و ئەوەی دیکەش بۆ مووچەی فەرمانبەران، بەڵام پارتی هیچ کاتێک کار بەو شێوە دێرینەی کورد لە لای پارتی لە هەموو شتێکەوە گرنگترە .

میرانی نیشانی دا ڕێککەوتنی 11ی ئادار دوای دەرچوونی بڕیاری لەناوبردنی ڕژێمی سەددام حوسێن و هەموو لایەنە گەورەکان بەرژەوەندیان لە هەبوونی کوردستانێکی سەقامگیر هەبوو.

میرانی ڕەتیکردەوە تەسلیمکردنی ئۆجەلان بۆ تورکیا پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەبووبێت و نیشانیدا تورکیا تا ئێستا بە لەناوبردنی پەکەکە سەرکەوتوو نەبووە، ئێستاش قەناعەتی بەوە نەهاتووە چارەسەری چەکداری نایگەینێتە ئەنجام، ئەوەشی دووپاتکردەوە هەبوونی پەکەکە و حزبە بەرهەڵستەکارەکانی ئێران زۆرجار دەبنە بارگرانی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا حکوومەتی عێراق خۆی پاڵپشتی پەکەکە دەکات و هەر خۆیشیان لە نێو چیای شنگال نیشتەجێیانکردن .

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ڕەنگە شەڕی پارتی و یەکێتی بە هۆی دەستگرتن بە دەسەڵاتەوە هەبووبن و ئاشکراشی کرد

کچێکی ئێزیدی، تەمەن 17 ساڵ لە سووریا ڕزگارکرا

ڕزگارکردنی کوردانی ئێزیدی لەژێر دەستی چەکدارانی داعش بەردەوامە



بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی، حسێن کۆرۆ قاییدی ڕایگەیاند کە دوێنێ یەکشەمە کچێکی ئێزیدی تەمەن 17 ساڵ لە سووریا ڕزگار کرا، لە سەرەتای ساڵی 2019وە تا ئێستا 13 کوردی ئێزدیمان لە سووریاوە ڕزگارکردووە.

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی، حسێن کۆرۆ قاییدی ڕایگەیاند لە سایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو دامودەزگاکانییەوە، نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی لە پرۆسەی ڕزگارکردن و شادکردنەوەی ڕفێندراوان بە کەسوکاریان بەردەوامە.

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی، حسێن کۆرۆ قاییدی گوتی: هەوڵەکانی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی بۆ ڕزگارکردنی کچ و کوڕانی ئێزدی کە داعش لە ساڵی 2014 بەرەو سووریا و ناوچەکانی خواروو عێراق ڕفاندوونی بەردەوامە، تا یەک کەس مابێت نووسینگەکەمان لە هەوڵی خۆی ناوەستێت و ماندووش نابێت حسێن قاییدی گوتی: ڕۆژی یەکشەمە کچێکی تەمەن 17 ساڵمان لە سووریا ڕزگارکرد کە داعش لە تلقەسەبی سنووری شنگال بەرەو سووریای گواستبوویەوە، لە سەرەتای ساڵی 2019 کە ماوەی 20 ڕۆژە، 13 کوردی ئێزدی ڕزگارکراون کە کە زۆرینەیان منداڵی کوڕ و کچن و تەمەنیان لە نێوان پێنج بۆ 15 ساڵی دەبێت و ژمارەیەکی دیکەیش ئافرەتی سەروو 30ی ساڵین.

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزیدی لەبارەی ئاماری گشتی ڕزگاربووان دەڵێت: هەر لە سەرەتای دروستکردنی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوان لە لایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی تا ئێستا سێ هەزار و 300 کوردی ئێزدی لەژێر دەستی داعش لە عێراق و سووریا ڕزگارکراون و هەوڵەکانیشمان بەردەوام دەبێت. ناوبراو دەشڵێت سەرجەم ئەو کوردە ئێزیدیانەی ڕزگارکراون لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە ئەشکەنجە دراون و ئاسەواری تووندوتیژی و زەبروزەنگی داعش لە جەستەیاندا بەجێماوە، بۆیە پێویستییان بە وەرگرتنی چارەسەرە، هەروەها داعش بە زۆر زمان و ئایینی پێ گۆڕیون. حسێن کۆرۆ قاییدی ئاماژەی بەوەشدا کە بەشێک لەو منداڵانەی ڕزگارکراون لە لایەن داعشەوە ڕاهێندراون لەسەر بیری تووندڕەوی و بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی.

دوای کۆنترۆڵکردنی شنگال لە لایەن داعش، چەکدارانی داعش هەستان بە کۆمەڵکوژکردنی کوردی ئێزیدی لە شارەکە و دواتر زیاتر لە شەش هەزار کچ و ژن و منداڵی کوردی ئێزدییان بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕفاند تا ئێستاش هەزاران کچ و ژن بە هۆی داعشەوە بێ سەروشوێن بوون.



شێرکۆ حەبیب

با هەوڵەکان لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتدا بن

مەرج نییە سەرجەم ئاڕەزوو و خواستەکان یا داوکارییەکان بەو ئەقارەدا ڕێچگە بگرێت کە ویست و خوازیاری مرۆڤە، چ وەک تاک یا کۆمەڵ یا لە ڕوانگەی حزبیکی سیاسی یا ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە ئەو خواستانە کۆمەڵێک ئەگەر هەیە لەگەڵ بەرژەوەندی و مەرامەکانی باڵای کۆمەڵگا و وڵات جیاواز بێت، یەک نەگرێتەوە و نەگونجێت، بەڵام دەشێت بۆچوون و ئاڕەزوو و خواستەکان لێکنزیک بکرێنەوە و بتوانرێت ئاکامێکی بەسوود بە ئەنجام بەگەیەنرێت، لە دید و ڕوانگەی دڵسۆزی و پاپەند بوون بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، کە ئەوەش ئەمڕۆ لە هەموو کات پێویست و گرنگترە بۆ گەلی کورد و کوردستان.

لەمیانەی دانوستاندنی لایەنکان و حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم، وا دەردەکەوێت کە چەندین بەربەست هەبن بۆ ئەو مەبەستە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوکردنی سەرجەم بابەتەکانی ناوخۆ و دەرکی تێکەڵکرنیان بە یەکدی، ئەمەش بێگومان هەوڵەکان دوادەخات، کە ئەمڕۆ لە هەموکات و سات زیاتر یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنەکان پێویستە بۆ سەرکەوتن بەسەر تەگەرەکان و گەیشتن بە بارودۆخێکی ئاسوودە و لێکتێگەیشتن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز و بە توانا کە بتوانێت خواستی هاوواڵتیان بێنێتەدی بەتایبەتی لە دوای چەندین ساڵ لە قەیران و نەهامەتی بەهۆی شەڕی تیرۆر و بڕینی بودجە، هەڵبەتە لە ماوەی ڕابردوو حکوومەتی هەرێم ئەوەی لە توانای بووبێت هەوڵی داوە بۆ خۆشگوزەرانی هاوواڵتیان.

ئەمڕۆ بارودۆخێکی دیکە لە ئارادایە هەروەک بینیمان لە ماوەی ڕابردوو چەندین کەسایەتی و گەورە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی وڵاتانی کاریگەری جیهان سەردانی کوردستانیان کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا بایەخدانە بە گرنگی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و لەسەرووی هەموویانەوە جەنابی سەرۆک بارزانی کە وەک مەرجەع و ڕابەری کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریزما و شارەزایی و لێهاتوویی بەڕێزیان، تەنانەت ئەوانەی دژی بڕیاری ریفراندۆمیش بوون و دژایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی یان دەکرد، ئەمڕۆ لە خاکی پیرۆزی کوردستان خۆیان بۆ جەنابی سەرۆک چەماندەوە و بەڕێزە دەڕوانن ڕۆڵی سەرۆک بارزانی، هەروەها ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوانەی ڕۆژانێک لە دژی سەرۆک بارزانی لەم کەناڵ ئەو کەناڵ بۆچوونی بێ بنەمایان دەڕووژاند، ئەمڕۆ بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ساتێک دەمانگوت خودی سەرۆک بارزانی لە پۆست مەزنترە، بەڵکو سەرۆک سەنگ و قورسایی دەدات بە پلە و پۆست.

کوردستان ئەمڕۆ کە بەساتێکی هەستیار و مەترسیدار دا تێدەپەڕێت وادەخوازیت و لە هەموو ساتێک پیویستی تر کە نیشتمانی کورد ڕێکبخرێتەوە، دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی یا هەندی بۆچوون و بیرکردنەوەی دوور لە ڕاستییەکان، کە تەنیا بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنە و لێردا پێویستە بە گیانێکی سەردمیانە و بابەتیانە ڕێز لە ئیرادەی گەل و ئاکامی هەڵبژاردنەکان بگیرێت و پرۆسەی دیموکراسی پەراوێز نەخرێت و ڕاستییەکان لە هاوواڵتییان نەشاردرێتەوە و باسی پانتایی جوگرافی و هێز نەکرێت، ئەگینا هیچ لایەنیک و هێزێک لە کوردستان لە پارتی دیموکراتی کوردستانی هێز و پانتایی جوگرافی و جەماوەری زیاتری نییە، بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، لەگەڵ ئەوەش پارتی نەرمی نواندووە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز.

بێگومان کاندیدکردنی ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران، جگە لەوەی پارتی هەوڵی گۆڕانکاری دەدات لە نێو ڕیزەکانی چ لەسەر ئاستی حکوومەت، یا ئۆرگانەکانی حزب، گرنگییەکە بۆ حکوومەتێکی بەهێز کە بتوانێت لە ماوەی تەمەنی چوار ساڵی حکوومەتدا گرفت و قەیرانەکان چارەسەربکات و بتوانێت هاوواڵتیان دڵنیا بکاتەوە کە ئەو دروشمەی لە کاتی بانگەشە بەرزی کردەوە، لەسەر ئەرزی واقیعدا پیادەی بکات و نەک دروشمێکی بریقەدار و بێکردەوە بێت، بەڵکو پارتی سوورە لەسەر کوردستانێکی بەهێز و بە توانا، نەک هەر لە ئاستی ناوخۆ بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەکی کە ئەمەش دەبێتە ئەرکی ڕێزدار مەسرور بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێم، کە لە ماوەی ڕابردوو جەنابی سەرۆک بارزانی بناغەیەکی توکمە و گرنگی بۆ بونیاد نابوو، کە بێگومان ئەمڕۆش ڕێنماییەکانی بەڕێزیان وەک مەرجەع و ڕابەر دەبێتە بناغە و پشتیوانی کارەکانی حزب و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران، کە ئەمەش کوردستانێکی بەهێز و ئارام و سەقامگیر بونیاد دەنێت.

لێردا پێویستە حزب و لایەنە سیاسییەکانیش ناکۆکی و گرفتی نیوخۆی وەلاوە بنێن و کەسانی شیاو بۆ پۆستەکان کاندید بکەن کە توانا و شارەزاییان هەبێت لە خزمەتکردنی هاوواڵتییان، دوور لەم باڵ و ئەو باڵ، ئەو لایەن و لایەن، دەبێ بەرژەوەندی میللەت لە سەرووی بەرژەوەندییەکان بێت، نەک بەرژەوەندی تاکەکەسی و تەسکی حزبایەتی.

عەرەفات کەرەم: وڵاتانی زلهێز مامەڵە لەگەڵ سەرۆک بارزانی دەکەن



وەزیر و دیپلۆماتکارانی وڵاتانی زلهێزی دونیا یەک لە دوای یەک، لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لەبارەی کورد و چارەنووسی کورد لە کوردستان دەکەن و چاودێرێکیش ئاشکرای دەکات کە لایەنە کوردستانییەکانیش درک بە پێگەی سەرۆک بارزانی دەکەن، بەڵام بە ئاشکرا نایڵێن.

لە ڕۆژانی ڕابردوو هەردوو وەزیرانی دەرەوەی فەڕەنسا و ئێران لە هەولێر بوون و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانی کۆبوونەوە. پێشتریش وەزیرانی دەرەوە و وزەی ئەمەریکا، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان، گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دیپلۆماتکارانی دیکەی دونیا، هاتوونەتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبوونەتەوە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئابووریی بەهێزی هەیە و لە هەموو لایەنەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەوانیش پشتیوانی حکوومەتێکی بەهێز دەکەن کە بتوانێت کوردستان لەم قۆناغە تێپەڕێنێت و لەگەڵ بەغدا کێشەکان چارەسەر بکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا عەرەفات کەرەم ئەیشارەدەوە کە لایەنە کوردستانییەکان باوەڕیان بەوە هاتووە کە سەرۆک بارزانی چ پێگەیەکی هەیە، بەڵام لە لایەکەوە کورد سایکۆلۆژیایەکی خراپی هەیە و دان بە ڕاستیدا نانێت، لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لەو لایەنانە لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی پارتی خەڵکیان لەخۆیان کۆکردۆتەوە . عەرەفات کەرەم دەڵێت وڵاتانی زلهێز مامەڵە لەگەڵ سەرۆک بارزانی دەکەن، بۆیە پێویستە لە ناوخۆش بەو جۆرە بێت. ئەو قسە ناخۆشانەی لەبارەی سەرۆک بارزانییەوە دەیانکرد، هەمووی پێچەوانە بوونەوە. بۆیە ئێستا لایەنەکانیش ئەو ڕاستییە دەزانن کە سەرۆک بارزانی لە چ پێگەیەکدایە . لە کۆتاییشدا ئەوەی دووپاتکردەوە کە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی و دەستنیشانکردنی نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وادەکات لایەنە کوردستانییەکانیش بەو چاوە سەیری سەرۆک بارزانی بکەن کە مەرجەعێکی سیاسیی کوردە و پێشبینیش دەکەم لە داهاتوودا بەم جۆرە بێت.

چین و تۆیژەکانی سلێمانی و هەڵەبجە داوا دەکەن پەلە لە پێکهێنانی حکوومەت بکرێت

چالاکوانێکی مەدەنی: ئەو حزبانەی دەیانەوێ بەشداریی حکوومەت بکەن پێویستە ڕێز لە ڕای کوردستانییان بگرن



ماوەی 112 ڕۆژە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، 45 کورسیی پەرلەمانی مسۆگەرکردووە، لەگەڵ هەریەکە لە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان دەستیکردووە بە گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی حکوومەت و کوردستانییانیش داوا دەکەن حزبەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکوومەت.

عومەر فارس، بەرپرسی ناوەندی باڵای هەڵەبجەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: خەڵکی کوردستان ئەرکی خۆی ئەنجام دا لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان و ڕێشتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و متمانەیان بەو کیانە بەخشی کە باوەڕیان پێی هەبوو، ئەوە ئێستا ئەرکی حزبەکانە کە ڕێز لە دەنگی دەنگدەرانیان بگرن و کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک بهێنن.

فارس پێیوایە، پێویستە کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێم حکوومەتێکی هاوپەیمانی بێت، بە پێی خاڵبەندی و کورسیی پەرلەمانی پۆستە وەزاریەکان دابەش بکرێت، تا هەموو هاوواڵتییان بزانن کە دەنگی ئەوان سەنگ و قورسایی ئەو لایەنە بووە، کە دەنگی خۆی پێ داوە، نابێت ئیتر حزبەکان بیر لەوە بکەنەوە پۆستە حکوومییەکان بە 50 بە 50 دابەشبکەن.

ئەسمەر ستار جەبار، ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ کەمئەندامان لە سلێمانی گوتی: داوا دەکەین بە زووترین کات بەرهەمی کۆبوونەوەکانی حزبەکان پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێبکەوێتەوە، چونکە چەندین گرفتی کەمئەندامان هەیە کە ئێستا بۆمان چارەسەر ناکرێت و بەستراوەتەوە بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتەوە.

ستار جەبار ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە: ئێمە دەنگمان داوە بە حزبەکان و چاوەڕێی بەرهەمی دەنگەکانمانین کە پێماندراون بە پێکهێنانی حکوومەتێک کە تەعبیر لە دەنگەکانمان بکات لە هەیکەلیەی کە بە پێی کورسیی چارەسەر بکات و تەواوی بڕگەکانی پڕۆژەیاساکەمان جێبەجێ بکات.هەر سەبارەت بە دووا کەوتنی پێکهێنانی حکوومەت و گفتوگۆی حزبەکان، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی لە سلێمانی بڵند فاتیح میرواودلی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: نابێت ئیدی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دوا بکەوێت، چونکە دەبێ حزبەکان ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری حکوومەت بن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێز لە ڕای کوردستانییان بگرن کە متمانەی خۆیان پێییان بەخشیون بۆ چوار ساڵی ئایندە، حکوومەتێکی بەهێز دروستبکەن کە جێگەی متمانەی کوردستانیان بێت.

فاتیح میراوەدلی بڕوای وایە، دەبێ کابینەی 9ی هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی هاوپەیمانی بێت، ئەو حزبانەی بەشداریی حکوومەت دەکەن لە نیوەی ڕێگە حکوومەت بەجێنەهێڵن و شانبدەنە بەر بەرپرسیارەتی و بۆ دەربازکردنی هەرێم لە تەواوی ئەو قەیرانانەی بەرەکی گرتبوو لە چەند ساڵی ڕابردوو کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماوە کوردستانێکی بەهێز بنیات بنێن.

ئیتاڵیا.. لە سیمینارێکدا باس لە ڕەوشی سیاسیی کوردستان کرا


لانە عزەدین شەریف/ئیتاڵیا: سیمینارێک لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی شاری پادۆڤای ئیتاڵیا، بۆ ڕۆژنامەنوس شۆڕش عەزیز سورمێ و پرۆفیسۆر گەبریێڵێ پەتریسیۆ، پرۆفیسۆری مێژووی هاوچەرخ و سیاسەتی جیۆپۆلیتیک لە زانکۆی پادۆڤا سازکرا. لە سەرەتای سیمینارەکەدا کە لە لایەن پرۆفیسۆر فرانچیسکۆ بێرتی ڕێکخرابوو، باس لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرا و پاشانیش بە تێروتەسەلی لە لایەن ڕۆژنامەنووس شۆڕش عەزیز سورمێ باس لە ڕەوشی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕووی مێژووی و سیاسییەوە کرا و هەروەها تیشکی خستە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی گرژییەکانی ئەمدواییەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیا. جێگەی ئاماژەیە لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشدارببوان لەسەر یەک بیروڕا کۆک بوون، ئەویش پێویستە ڕۆژئاوا هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ پاڵپشتیکردنی گەلی کورد کە تاکە دۆستە لە ڕۆژهەڵات، نابێ ئەوەش دووبارە ببێتەوە کە لە کاتی ڕیفراندۆمەکەی 2017 ڕوویدا، ئەوکاتەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا پشتیان لە کورد کرد.



دەیان هەزار کەس کە بەشداریبیان لە ڕێپێوانی ژناندا کرد لە واشنتۆن و نیۆیۆرک پرۆتیستۆی سیاسەتەکانی (ترامپ)یان کرد



کوردستان لە نێوان پەراوێزخستن و ریفراندۆمدا!



کیفاح مەحمود کەریم

دوای تێپەڕبوونی ماوەی زیاتر لە ساڵێک بەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەسانێک هەن، پرۆسەکە بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەبەستنەوە، پێیان ، ئەوانە هەر لە کاتی دامەزراندنی مەملەکەتی عێراقەوە لە سیپەکانی سەدەی ڕابردوو بگرە تا داگیرکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی هاوشێوەی لەم دوایانەدا کە ماوەی سەدەیەکە بە جۆرەها شێوازی ڕەگەزپەرستانەی قێزەوەن هەوڵی شێواندنی دیموگرافی ئەو ناوچە کوردییانە دەدەن لەسەر تۆمەتی حازر بەدەست ڕاهاتوون و خوویان پێوە گرتووە، هەر کەسێک بەرهەڵستکاری حوکمڕانی بەغدا بکات، ئەوا کەسانێکی خائین و بەکرێگیراون و شایستەی کوشتن و لەناوبردنن، وەک بینیمان پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و گۆڕستانی بە کۆمەڵ و کیمیابارانکردنیان لە دژ ئەنجامدان، کە باشترین بەڵگەیە لەسەر کولتووری ڕەفتارکردنیان لەڕێز چەتری دیکتاتۆرییەتی نەتەوەیی و مەزهەبی لەگەڵ کەسانی جیا لە نەتەوەی خۆیان، ئەوانە پێیانوایە تەواوی پرۆسەکە پیلانگێڕییەکی ئیمپریالی سەهیۆنییە مەبەست لێی دابەشکردنی وڵات یا دابڕینی بەشێک لە خاک و سەروەریيەکەیەتی، بێ ئەوەی بچنە بنچ و بنەوانی ئەو هۆکارانەی وایان کرد پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت، یا هیچ نەبێت لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی بکۆڵنەوە.

زۆرێک پێشبینیان دەکرد ئێمە لە سەروبەندی قۆناغی دامەزراندنی سیستەمی سیاسی نوێ داین، کە دیمەنە تۆقینەرەکانی رابردوو لەبەر چاو دەگرێت و بەندیان لێ وەردەگرێت، لەسەر بنەمای کوشتن و لەناوبردن، وەک بینیمان پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و گۆڕستانی بە کۆمەڵ و کیمیابارانکردنیان لە دژ ئەنجامدان، کە باشترین بەڵگەیە لەسەر کولتووری ڕەفتارکردنیان لەڕێز چەتری دیکتاتۆرییەتی نەتەوەیی و مەزهەبی لەگەڵ کەسانی جیا لە نەتەوەی خۆیان، ئەوانە پێیانوایە تەواوی پرۆسەکە پیلانگێڕییەکی ئیمپریالی سەهیۆنییە مەبەست لێی دابەشکردنی وڵات یا دابڕینی بەشێک لە خاک و سەروەریيەکەیەتی، بێ ئەوەی بچنە بنچ و بنەوانی ئەو هۆکارانەی وایان کرد پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت، یا هیچ نەبێت لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی بکۆڵنەوە.

زۆرێک پێشبینیان دەکرد ئێمە لە سەروبەندی قۆناغی دامەزراندنی سیستەمی سیاسی نوێ داین، کە دیمەنە تۆقینەرەکانی رابردوو لەبەر چاو دەگرێت و بەندیان لێ وەردەگرێت، لەسەر بنەمای کوشتن و لەناوبردن، وەک بینیمان پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و گۆڕستانی بە کۆمەڵ و کیمیابارانکردنیان لە دژ ئەنجامدان، کە باشترین بەڵگەیە لەسەر کولتووری ڕەفتارکردنیان لەڕێز چەتری دیکتاتۆرییەتی نەتەوەیی و مەزهەبی لەگەڵ کەسانی جیا لە نەتەوەی خۆیان، ئەوانە پێیانوایە تەواوی پرۆسەکە پیلانگێڕییەکی ئیمپریالی سەهیۆنییە مەبەست لێی دابەشکردنی وڵات یا دابڕینی بەشێک لە خاک و سەروەریيەکەیەتی، بێ ئەوەی بچنە بنچ و بنەوانی ئەو هۆکارانەی وایان کرد پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت، یا هیچ نەبێت لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی بکۆڵنەوە.

بەرامبەر دۆسیەی کوردستان، سەلماندیان کە مامەڵەی ئەوانیش هەمان مامەڵەیە و جیاوازتر نییە، هاوشێوەی ڕژێمەکانی پێشوو ئەوانیش دەستووریان پێشێلکرد و هێزی سەربازیی و پاشکۆکانیان بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ناسراوە، بەکارهێنا. کە لە هەقیقەتدا وانییە، چونکە ناکۆکییە راستەقینەکە لەگەڵ ئەوانەدایە بە مەبەستی دابڕاندنی ئەو ناوچانە لە کوردستان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مەزهەبییان بەسەر ئەو ناوچانەدا هێناوە.

هەر لەبەر ئەو عەقڵییەتە بوو مادەی (58) کە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە دانرابوو جێبەجێ نەکرا، دواتریش بۆ مادەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی گۆڕدرا، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا نەک هەر کێبڕکێیان لەسەر جێبەجێ نەکردنی دەکرد. بەڵکو بە هەمان بڕوبیانووەکانی ڕژێمەکانی پێشوو هەوڵەکانیان بۆ پووچەڵکردنی مادەی دەستوورییەکە و گەڕاندنەوەی سیاسەتی بە عەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافی شنگال و کەرکووک و خانەقین و خورماتوو و دەشتی نەینەوە دوو هێندە زیاتر کرد. دوای بەسەرچوونی کەمتر لە دووساڵ لە خوولی یەکەمی حوکمی مالیکی پرۆسەی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی کوردستان و گەلی کوردستان دەستیپێکرد، ئەوەی لە نەتەوەی کورد بوو لە وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و کۆمیسیۆنی سەربەخۆ و چەندان وەزارەتی دیکەی گرنگ وەدەرنرا، پرۆسەکە بەردەوام بوو تا ڕێژەی کورد لە نێو سوپا لە (20%) گەیشتە (2%). لە وەزارەتی دەرەوە وەزارەتەکانی دیکەش هەمان سیاسەت لە دژی کورد پەیڕەو کرا، دوای داڕمانی هەیکەلی سەربازی ڕێکخراوی داعش پەراوێزخستنی کورد گەیشتە ئەوپەڕی لوتکە، تەنانەت هەندێ هێندە بە هەڵەچوو بوون بیریان لە ناوبردنی هەرێم و فیدرالی دەکردەوە، ئەوەی لە کەرکووک و شنگال و مەخمور و زۆمار و خورماتوو ڕوویدا نیازخراپیان بۆ هێرشکردنە سەر هەولێری پایتەخت و لەباربردنی فیدرالی کوردستان بە بیانووی کۆنترۆڵی ڕەوشەکە و پاراستنی یاسا دەرخست، وەک بینیمان عەبادی و ئەوانەی چاویان لە دەسەڵات و تاکڕەویی و سەرکوتکردنە ئەوکات بانگەشەیان بۆ دەکرد. لە ڕاستیدا سیاسەتی پەراوێزخستن و نکۆڵییکردن لە مافەکانی گەلی کورد، هۆکاری سەرهەڵدانی سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردستان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو و ڕاپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵانی (1909-1914) تا دەگاتە بڕیاری گەلی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 25 ئەیلوولی ساڵی 2017 بووە.

سەرجەم ئەو ڕژێمانەی دەسەڵاتی عێراقیان گرتۆتە دەست، بە جۆرها شێواز پەنایان بۆ فرۆفێڵ و درۆ و پێچ و پەنا و دروستکردنی فەوج و حزبە کارتۆنییەکان برد، چەندین شەڕی زەمینی و ئاسمانی و کیمیاییان لە دژی کوردستان ئەنجام دا، کە جگە لە خوێن ڕشتن و وێرانکاری زیاتری عێراق شتێکی دیکەیان دەست نەکەوت، ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 15ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری و ساڵێک بەسەر داگیرکردنی کەرکووک و شنگال و خانەقین، پرۆسەی بەعەرەبکردن نەک هەر بەردەوامە، بەڵکو پرۆسەی پاکتاوی نەژادی و مەزهەبیش خراوەتە سەر کەرکووک و خورماتوو، لە شنگالیش دەستیان بە دروستکردنی جاش و پێکهێنانی نەتەوە و حزبی کارتۆنی کردووە، پرۆسەکە دەشتی نەینەوا و خانەقین و مەخموور و زۆمارییشی گرتووەتەوە، ڕەوشەکە وادەخوازێت، حکوومەتە نوێیەکە کە سەرۆک وەزیرانەکانی لای زۆربەی سەرکردەکانی کوردستان و حزبەکانی جێگای متمانەیە، هەست بە مەترسی ئەوەی لە دژی کوردستان دەگوزەرێت بکات، هەروەها دەرک بە هۆکار یا پەیوەندی نێوان پەراوێزخستن و ئەنجامدانی ریفراندۆم بکات، هەست بەو هەقیقەتەش بکات کەوا گەل کوردستان لە ژیانێکی شکۆمەندانە بە تەواوی ماف و خواستەکانی لە دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی و شەراکەتی ڕاستەقینە بەو لاوە ، بە هیچ شتێکی دیکە ڕازی نابێت.



گوڵبەند ئازاد قەرەداغی-سوید

لە 19ساڵەی کۆچی دوایی ئازاد قەرەداغی باوکدا

لە دەستدانی ئازیزان و خۆشەویستان کەلێنێکی گەورە گەورە دروست دەکات و برینێکی بە سفت و سۆش لە دڵ و دەروونداً جێدەهێڵێت، هەر بۆیە خوالێخۆشبێت ئازاد قەرەداغی، باوکم، وەک باوکێکی دڵسۆز و ئازیز، یەکێک بووە لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان کە هەر لە هەڕەتی لاوییەوە چەکی خەبات و کوردایەتیی لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووەتە شان و کار و پیشەی خۆی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵانی پێشکەوتنخواز لە پلە جیاجیاکانی پێشمەرگایەتی و پارتایەتی و بەرپرسیارەتیدا خزمەتی بەرچاوی خۆی پێشکەشکردووە و سنوورەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و پشدەر، هەموو شایەدی بۆ دەدەن کە ئەوەی لە توانایدا هەبووە، دریغی نەکردووە، لەو ماوە دریژەی خەباتی خۆیدا نزیکەی 20 ساڵ لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خزمەتی کردووە و بەرپرسیەتیی مەیدانی خستووەتە ئەستۆی خۆی و لە نزیکەوە تێکەڵی ژیانی جەماوەری پێشمەرگە و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان بووە، هەر بۆیە لە پەرلەمانی کوردستانیش یەکێک بووە لەو پەرلەمانتارە بە توانایانەی کە هەمیشە پشتیوانی پێشمەرگە و خێزانی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بووە و داکۆکیکارێکی بە توانا بووە لە بەرگریکردن لە شەرعیەت و پاراستنی ئەزموونی گەلەکەمان و هەمیشە دەنگێکی دیار بووە لە نێو هۆڵی پەرلەماندا، بۆیە بە لەدەستدانی ئەو باوکە دڵسۆزە کەلێنێکی گەورەمان بۆ دروستبوو، چونکە مرۆڤێکمان لەدەستدا، زۆر وردەکار بوو، ئێمە هەر بۆ خۆشەویستی ئەو باوکە دڵسۆزەم، کۆرپەیەکی خۆم ناو ناوە (ئازاد) تا هەمیشە لە دڵ و دیدەمان ون نەبێت و هەمیشە یادی بکەینەوە.

بۆیە لە 19 ساڵەی کۆچی دواییدا هەزاران درود و سڵاو بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبێت ئازاد قەرداغی و هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەری هەموویان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، دەنێرین و پێیان دەڵێین ئۆغرتان خێر و ڕۆحتان شاد.

ڕووسیا چاودێریی تەواوی پرۆسەکە دەکات

کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا و ئەو هەڵانەی ئەنجامی دەدات





خەبات: زانکۆ جاف

ژمارەیەک لە شارەزایان دەڵێن کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا ڕەنگە ببێتە مایەی کۆتاییهێنان بەم ستراتیژییە نادیارەی وابەستەیی لەشکر کە پێدەچێت زۆر لە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی نیشتمانی بخاتە مەترسییەوە. مارک کاتز پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جۆرج مەیسن لە ڤێرجینیا و شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیا دەڵێت پێم وابێت کێشەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کە بەشداریکردنمان شتەکان باشتر نەکەن، بەشداری نەکردنیشمان باشتریان ناکەن.

کشانەوەی ئەمەریکا

سەرۆک دانوڵد ترامپ بە بڕیارەکەی مانگی 12ی بۆ کشانەوەی نزیکەی 2 هەزار سەربازی ئەمەریکا لە سووریا هاوپەیمانان و ڕاوێژکارانی تووشی سەرسوورمان کرد. بیانووی سەرۆک ترامپ بۆ کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا ئەوەیە کە داعش شکستی هێناوە یان هەر هیچ نەبێت هیچ ناوچەیەکی گەورەی سووریا و عێراق لە ژێردەستدا نەماوە، هەرچەندە ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو لە هێرشێکی کوشندەی داعشدا لە سووریا چوار ئەمەریکایی کوژران، دوو سەرباز و دوو سیڤیلی کە کاریان بۆ وەزارەتی بەرگری دەکرد. ئەم هێرشەش ئەوەی نیشاندا کە گرووپی تیرۆریستی داعش هێشتا چالاکە لە ناوچەکەدا.

ئەمەریکا دەست لە ڕۆژهەڵات بەرنادات

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا مایک پێنس چوارشەمەی ڕابردوو دووپاتی کردەوە کە کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا مانای ئەوە نییە ئەمەریکا چیتر پەیوەندی نابێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. پێنس لە وتارێکیدا بۆ دیپلۆماتان لە وەزارەتی دەرەوە گوتی: ئێمە بەرگری لەو دەستکەوتانە دەکەین کە سەربازەکانمان و هاوپەیمانەکانمان بەدەستیان هێناوە، بەڵام ئەم سەرۆکە هەمیشە باسی لە خواستی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ بێ کۆتاییەکانی ئەمەریکا کردووە.

ڕەخنەگران نیگەرانی ئەوەیان هەیە بڕیاری بە جێهێشتنی سووریا خاڵە گرنگەکانی ستراتیژی ئەمەریکا بنکۆڵ دەکات بۆ ڕێگەگرن لە هەڕەشەی تیرۆریزم لە ناو وڵات، بۆ ڕێگەگرتن لە فراوانبوونی دەسەڵاتی لەشکری ئێران لە ناوچەکە و بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیلی هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هێرشەکەی داعش ئەوە نیشان دەدات کە هێشتا چەکدارانی ئەو گرووپە تیرۆریستییە هەڕەشەن بۆ سەر سووریا. بەیێ بوونی سوپای ئەمەریکا لەوێ نیگەرانییەکی زۆر هەیە کە تووندڕەوە ئیسلامییەکان خۆیان ڕێکبخەنەوە و هێرشە تیرۆریستییەکانیان بگوازنەوە بۆ ناو ئەوروپا و ئەمەریکا.

نیگەرانیی ئەمەریکییەکان

سیناتۆری بە ناوبانگی کۆماری لیندزی گراهم لە وەڵامی هێرشەکەی ڕۆژی چوارشەمەدا گوتی: نیگەرانی من لە ڕاگەیاندنەکانی سەرۆک ترامپ ئەمەیە کە هەستی هاندانی لای ئەو دوژمنە دروستکردووە کە شەڕیان دەکەین. لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی بواری ئاسایشی پێیان وایە وابەستەیی سنووردارای ئەمەریکا لە سووریا هەوڵەکان بۆ بە تەواوەتی لەناوبردنی یاخیبوان لەناو دانیشتوانی سیڤیلدا بنکۆڵ دەکات. ئارۆن دەیڤد میلەر بەڕێوەبەری بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوەندی ویدرۆ وێڵسن لە واشنتۆن دەڵێت: بۆ ئەوەی بە تەواوەتی داعش لە ناو ببەیت پێویستت بە سووریایەکی نوێ هەیە و ئەمەش لە توانایی ئێمە بەدەرە، ئێمە 200 ملیار دۆلار تەرخان ناکەین بۆ بونیاتنانەوەی سووریا و بێگومان ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە هیچ شێوەیەک ئەم کارە ناکات. بەرهەڵستانی ئەمەریکا لە سووریا، ڕووسیا و ئێران و تەنانەت تورکیای هاوپەیمانی لەسەر ئەو بڕیارە دەستیلەکارکێشایەوە و لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک ترەمپ ڕایگەیاند پلە و پایەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە هێشتنەوەی هاوپەیمانانی و بەڵێنەکانی دەمێنێتەوە. ماتس لە نامەکەدا نووسیبوی: ئێمە ناتوانین بەرژەوەندییەکانمان بپارێزین و ئەو ڕۆڵە کاریگەرە بگێڕین بەبێ هێشتنەوەی هاوپەیمانانمان و نیشاندانی ڕێز بۆ ئەوانەی هاوپەیمانمانن. کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورەش بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا بە زیادبوونی کاریگەری ئێران و گرووپە چەکدارییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا، کە هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل.

دژبەرانی ترەمپ

بەڕێوەبەرایەتی ترەمپ کەوتە ژێر ڕەخنەیەکی زۆر بۆ بەجێهێشتنی هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە سووریا. وەزیری پێشووی بەرگری جیم ماتس لەسەر ئەو بڕیارە دەستیلەکارکێشایەوە و لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک ترەمپ ڕایگەیاند پلە و پایەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە هێشتنەوەی هاوپەیمانانی و بەڵێنەکانی دەمێنێتەوە. ماتس لە نامەکەدا نووسیبوی: ئێمە ناتوانین بەرژەوەندییەکانمان بپارێزین و ئەو ڕۆڵە کاریگەرە بگێڕین بەبێ هێشتنەوەی هاوپەیمانانمان و نیشاندانی ڕێز بۆ ئەوانەی هاوپەیمانمانن. کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورەش بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا بە زیادبوونی کاریگەری ئێران و گرووپە چەکدارییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا، کە هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل.

چاودێریکردنی ڕووسیا

سێرگی ناریشکین، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ڕووسیا ڕایگەیاند: ڕووسیا بە چڕی چاودێریی جێبەجێکردنی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا دەکات کە لە لایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی دەرکراوە. ناریشکین بە ئاژانسی هەواڵی نۆڤۆستی ڕووسی گوتووە: ئێمە بە چڕی چاودێریی ئەو بڕیارەی لایەنی ئەمەریکی دەکەین، چونکە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا نایاساییە و پێشێلکردنی یاساکانی نێودەوڵەتییە و دەمانەوێت ببینین تا چەند بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا بە خێرایی جێبەجێ دەکرێت. ئەو قسانەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ڕووسیا لە کاتێکدایە، لە ڕۆژی 2018/12/19 وە دۆناڵد ترەمپ بڕیاریداوە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بکشێنەوە کە نزیکەی 2 هەزار سەرباز و ڕاوێژکاری سەربازی دەبن. هەروەها لەم دواییانەشدا ترەمپ ئاماژەی بەوەکردبوو کە هیچ خشتەیەکی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا دیاری نەکراوە. کشانەوەش بە واتای ئەوە نییە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کۆتایی هاتبێت.

3

بیرمەندی سیاسیی عەرەب (حەسەن عەلەوی):

دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە

هەڤپەیڤین: نووری بێخاڵی

حەسەن عەلەوی، ڕووناکبیر و بیرمەندی سیاسیی عێراقی، لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرنامەی (هەڤپەیڤین)ی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان24) ڕایگەیاند:"دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵە دواکەوتووە". عەلەوی لە بارەی ئەوەی، کە چۆنە وەک عەرەبێک ئاوا داکۆکی لە دۆزی کورد دەکات، دەڵێ:"مرۆڤایەتیی من گەورە نابێت، ئەگەر تەنیا ڕۆڵەی نەتەوەکەمم خۆش بووێت، بەڵکو بەوە گەورە دەبێت، کە ڕۆڵەی نەتەوەکانی دیکەم خۆش بووێت". سەبارەت بە کورد و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیشی گوتی:" کوردەکان گەر وەک نەتەوە لێیان نزیک بیت، دەزانی گەلێکی ئاشتیخواز و باش و ڕاستگۆن و کێشەکەیان ڕەوایە. لە ساڵی 1961وە تا ئێستا، کە تێکەڵی میتۆووی کورد بوومە، چەندە لە میتۆووی کورد قوواڵ دەبمەوە، دەبینم ساڵانێکی زۆرە، لە دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان دواکەوتوون، تەنانەت لە پەرتووکە نوێیەکەم بە ناوی "دەوڵەتی کوردی دواڕۆژەکانی بێدەنگی" کێشەکە هێشتا دەستنووسە و دووبارە ناونیشانەکەیم بۆ "دەوڵەتی کوردیی 100 ساڵ چاوەڕوانی" گۆڕی. دەڵێم: ئەگەر هەر ئەمڕۆش دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت، ئەوا هێشتا 100 ساڵە دواکەوتووە. ئەگەر ڕاستتریش بڵێین، ئەوا دەوڵەتی کوردی 500 ساڵ دواکەوتووە، واتا لە چەنگی چاڵدێرانەوە، لە ساڵی 1514".

تێبینی: ئەم هەڤپەیڤینە لە 1ی نیسانی 2016 ئەنجام دراوە و لە شاشەی (کوردستان 24) پەخش کراوە، بەڵام لەبەر زیندووێتیی ناوەڕۆکەکەی و بایەخ و گرنگیی بابەت و تەوەرەکانی، ئێمە وەک ڕۆژنامەی (خەبات) بەپێویستمان زانی، دووبارە و بە زنجیرە، بڵاوی بکەینەوە.



*** کوردستان24:** ئێوە وەک خوێنەرێکی وردی میتۆرو، مەبەستم میتۆووی عێراق و ناوچەکە و کوردە، کاتێک قسە لە ڕووداوێکی میتۆوویی دەکەن، وەک ئەوە وایە، کە ئەمڕۆ ڕوویداوە. بەڕاست، چ شتێک لە میتۆووی کورد سەرنجتان ڕادەکێشێت؟

ـ عەلەوی: بۆ نموونە: من سەرم سوڕما، پێنج سەت ساڵە بەسەر (چاڵدێران) تێپەڕی، ئێوەی کورد، کە حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامەزراوەی دیکەتان هەیە، دەزگای حزبیتان هەیە، کەچی بە مڵمڵانێی نێوانتانەوە خەریکن و نەتانتوانی بەیەکەوە یادی پێنج سەت ساڵەی وێرانکردنی کوردستان و دابەشکردنی بکەنەوە، کە بە گوێرەی پەیماننامەی چاڵدێران لە ساڵی 1514کرا، لەکاتێکدا ئەرمەنەکان، کە هەر لەو سەروبەندەدا و لە ساڵی 1515 کۆمەڵکوژ کران، توانیان بڕیارێکی دیکەش سەبارەت بە پرۆتستۆکردنی کۆمەڵکوژییەکەیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن، بەڵام ئێوە نەتانتوانی بڕیارێکی هاوشێوە بەدەست بێنن. ئەوە لەکاتێکدایە کە جیهانی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ لە بەرژەوەندیی ئێوە و لە دژی چاڵدێران، هاوسۆزتانە. هەروا مانەوە، چاڵدێران وەک خۆیەتی و ئێوەش هەر خەوتوون و قاچەکانتان لەبەر خۆرن.

بۆیە کاتێک خوێندنەوە بۆ ئەو میتۆووە و ئەو بارودۆخە دەکەم، ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە، بەسەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا نەهاتووە. نموونەت بۆ دێنمەوە، پێشتر گوتم، کە ناوچەکە نکۆڵییان لە ئینتمای کورد بۆ ئۆمەت کرد، نکۆڵییان لە بوونیان وەک گەل کرد، زمانەکەیان برد و زمانی کوردییان قەدەغە کرد، میتۆرو و جوگرافیاکەیان برد، مافی سیاسیشیان هەروا، چونکە لە بنەڕەتدا میتۆرو و جوگرافیاکەی دزراوە. ئینجا ئەو نەتەوەیە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە دەوڵەتێکی ئیسلامییە، دووچاری زۆر دەردەسەری هات.

لەڕاستیدا ئەوەی کە ئێوەی تووشی گیروگاز و کێشە کردووە، ئیسلامە، ئەمە نەک بەو مانایەی کە ئیسلام ئازاری داون، نەخێر، بەڵکو بە هۆی خۆشەویستیتان بۆ ئیسلام، خۆهەڵواسینتان و مانەوەتان لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا، وایکرد هۆشیاریی نەتەوەییتان بۆ ماوەیەکی درێژ، دوا بکەوێت. کەچی خودی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە، وەک ئەوەی (سدیق ئەلدەمەلۆجی)، کە فەرمانبەری فەرمانگەی باج و خەراج بوو (دەمەلۆجی لە ویلایەتی مووسڵ و لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا فەرمانبەر بوو – ن) دەڵێت: "گاتێک فەرمانبەرەکان بۆ وەرگرتنی باج دەچوونە گوندەکان، کوردەکان شتێکیان نەبوو بیانەدێ، بۆیە ئەگەر باجگرەکان گوێرەکەیەکیان بینیوە، بردوویانە، مریشکیان بینیون، کۆیان کردوونەتەوە و بردوویانن. دواجار کچەکانیان، ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی نۆ ساڵی بوو، بردنیانن. سەرەتا وەک کارەکەر کاریان پێیان دەکرد، دواتر بە شووپان دەدان، یان دەیانکردنە جاریە."

ئەوە هەمان ئەو قسانەن، کە دەمەلۆجی دەیانکات، ئێوە دەبێ ئەو کتێبە دووبارە چاپ بکەنەوە، بۆ ئەوەی گەلەکەتان ببینێت و بیخوێنێتەوە.

ئایا جگە لە کورد، هیچ نەتەوەیەک بەم دۆخەدا تێپەڕیوە؟ منداڵێکی کچ، بە بەرچاوی باوکییەوە دەست و پێیەکانی ببەسترێت و ببردرێت. باوکێک، کچە نۆ ساڵییەکەی دەبەن، بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر. بۆچی، تەنیا ئەوە دەستدرێژییە، کە لە شنگال کرایە سەر ئێزدییەکان؟ ئەوەی من باسی دەکەم، دەستدرێژیی فەرمی بوو بە بڕیار و فەرمانی دەوڵەت. گوتمان ئەمانە ڕێکخراوێکی چەکدارین (مەبەستی داعشە – ن)، بەڵام ئەوەی تر دەوڵەت کردی، نەک ڕێکخراوێکی چەکدار، بەڵکو دەوڵەت دێت منداڵ دەبات.

دۆخێکی ناجۆرتر لەوە ئەوەیە، کە دەوڵەتی عوسمانی بیری لەوە کردەوە چی لە کورد بکەن؟ بۆ ئەمەش پرۆژەی قەڵاچۆکردنی نەتەوەی کورد و ڕاگواستنیان بۆ ولاتێکی دیکە ئامادە کرد. چونکە لە بەهای کورد کەم دەکەنەوە، گوتیان حەڤدە، یان حەفت ملیۆن کورد هەیە و دەتوانین بیانپەینە لیبیا، لیبیاش سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە و بیابانە و مرۆڤی تێدا نییە. واتە پرۆژەی ڕاگواستنی نەتەوەیەکیان ئامادە کرد، نەک تەنیا کەسێک، ئاخر چۆن نەتەوەیەک ڕادەگوێزرێت؟

بۆ نموونە: من کەسێکم (25) ساڵ بۆ دەرەوەی ولاّت دوور خرامەوە، تا ڕووخانی سەددام گەڕامەوە. یان کەسێکی کورد بۆ دیوانیە دوور دەخرێتەوە، وەک ئەوەی کە پێشتر بۆ ڕوومادی دوور خرانەوە و گەڕانەوە، بەڵام نەتەوەیەک بە تەواوی ڕابگوێزیت و بڵێیت لەناوی دەبەم، ئەوە خەونێک بوو، پرۆژەیەک بوو کەس باسی ناکات. کەسێک ئەو میتۆووە بخوێنێتەوە، چۆن لەگەڵ گەلی کوردا نابێت؟

*** کوردستان 24: کەواتە دەتوانین بڵێین، پرۆسەی ئەنفال درێژەپێدانی ئەو پرۆژەیەیە، کە باستان کرد، بەڵام لە شێوەکاتێکی دیکە و لە سای سیستەم و سەردەمێکی جیاوازدا و بە شێواز و میکانیزمێکی تر؟**

ـ عەلەوی: بە تەئکید، بەڵێ ڕاستە.

*** کوردستان 24:** ئایا کورد ئێستا لەبەردەم ئەگەری ئەنفال و دوورخستنەوەیەکی دیکە دان؟

ـ عەلەوی: نەخێر!

*** کوردستان 24:** بۆچی و چۆن؟

ـ عەلەوی: سەنتەر ئێستا هێزی خۆی لەدەست داوە، هێزی نییە. نییە بە تەنیا بەس نییە، پێویستی بە هێزی مادیی هەیە، نییەتی. جگە لەوە، بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگای پێنادات. ئێستا کوردستان بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی پارێزراوە، تەنانەت ئەگەر لایەنی چەپڕەویی (پەکەکە) نەبوایە، کە تورکیا وەک بیانوویێک بەرانبەر ڕۆژئاوا بەکاری دەهێنێت، واتە ئەگەر پەکەکە چەپڕەو نەبوایە، ئەوا تورکیا نەیدەتوانی سنووردکان ببڕێت و لە کوردستان لێی بدات، بەڵام بە هۆکاری ئایدیۆلۆژی و وەک بەشێک لە پرۆژەی لێدانی چەپ، ئەمریکا ڕازی بووە لەو حزبە بدرێت. وەلێ ئایا دەتوانێ لە حزبێکی وەک (یەکێتی، یان پارتی) بدات؟ ئەوە مەحاڵە. تورکیا هەرگیز ناتوانێت شەڕ بە حزبەکانی هەرێم بفرۆشێت.

*** کوردستان 24:** دەتوانین بڵێین مامۆستا حەسەن عەلەوی ڕووداوی دروست کردووە. یەکێک بووە لە زەمینەخۆشکەرەکانی دەرچوونی بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970، یەکەم کەسی عێراقی بەعس بووە، نامیلکەی لەسەر پرسی کورد نووسیوە. ئایا ئەمانە ڕێکەوتن، یان پێشینەیی خۆیان هەیە؟

ـ عەلەوی: نەخێر، بایەخدانی من بە پرسی کورد لای خەڵک ئاشنایە. تۆ لە هەر دەزگایەک، یان هەر کۆمەڵگەیەک، تەنانەت ئەگەر لە ئەنجوومەنی شارەوانییێکی بچووکیش بیت، تەماشا دەکەن، فلان بایەخ بە پرسی تورکیا دەدات، بۆ ئەو پرسە ڕایدەسپێرن. فیسار گرنگی بە پرسی کۆچەرییەکان دەدات، قسە لەو بارەیەوە دەکات.

من بایەخ بە پرسی کورد دەدەم، لەبەر ئەوەی پێیان گوتم لە تۆ زیاتر، کەس ئەو کارە نەکات. داوایان کرد ئەو نامیلکەیە وەک پێشەکییێک ئامادە بکەم، پێشەکیی متمانە. بۆیە وەک چۆن ئێستا قسە لەسەر کورد دەکەم، ئەوکاتیش هەروا قسەم دەکرد، باسی دەوڵەت و چی و چیم نەکرد، نامیلکەکەم بە فەرمی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کرا.

*** کوردستان 24:** لە وەزیرێک، یان سەرۆکی وەزیران، شتێکی تر.

من یەکەم ڕۆژ کە هاتمە ئێرە، پرۆژەیەکم بە ناوی (ئابووریی بزن) پێشکەش کرد، هەر لەو بارەیشەوە، بابەتێکم لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین پێشکەش کرد و گوتم: ئێوە پێویستتان بە مۆڵ و مۆبایل نییە، ئیتر بەسە. چونکە هەموو ئەوەی هەتانە، مۆڵ و مۆبایلە.

من ناوی مۆڵ و مۆبایل دەنێم (شیردەرەکانی سەرمایە)، ئەو مۆبایلە بۆ هەموو کارێک پارەت لێ دەبات، تۆ قسەی دەدەیتێ و ئەو پارەت لێ وەردەگرێت، مۆڵیش هەروا. خاوەن وەبەرهێنەکەی دێت، ئەو مۆبایلە بە (5) پێنج دۆلار دەکرێت، بە (50) پەنجا دۆلار بە تۆی دەفرۆشێتەوە و قازانجەکەی خۆی و سەرمایەکەی دەباتە دەرەوە.

بەداخەوە یاسای وەبەرهێنان لە کوردستاندا، وەبەرهێنەرەکانی ناچار نەکردووە، کە بڕێکی پارەکانیان لە بانکەکانی کوردستان دابنێن. بۆ نموونە: چۆن دەکرێت کەسێک بالاخانەیەکی هەبێت، (500) پێنج سەت شووقەی تێدا بێت و شووقەکەیشی بە (150000) سەت و پەنجا هەزار دۆلار بفرۆشێت، پارە لە خەڵک وەربگرێت، کەچی دواتر پارەکە دیار نەمێنێت و هەرێم ناچاری نەکات پارە لە بانک دابنێت؟

من کە هاتمە ئێرە، بە منداڵەکانی خۆمم گوت ئێرە کوردستانە، ئەگەر سەربەخۆ بوو، ئەوا ئێوە ولاتیناسەی کوردستان دەژین. من سێ هاوسەرم هەیە، هەر یەکەیان و خانوویێکی هەیە، با بیفرۆشن و بێنە ئێرە. هەر کچ و کوڕێکم خانووی خۆیان هەیە، وەک ئەوان بکەن و بێنە ئێرە. حەوت لەوانە هاتن و خانوویان کڕی. جا کێشە ئەوەیە هاتن و کاریان نەبوو، منیش کارم نەبوو، چونکە هەر لە بنەڕەتدا کارم نەبووە. من نووسەر و خوێنەرم، نە فرۆشتن دەزانم و نە کڕین. تەنانەت کتێبەکانیشم لە بازاڕەکانن و هی خۆم نین، نازانم کێ چاپیان دەکا و دەیانفرۆشنەوە.

عومەری کوڕم شووقەیەکی کڕی، دەرکەوت درۆ و وەهمە. دەی چۆن پارەی شووقەکە بە کاش وەردەگرن؟ ئەوە مەعقول نییە. پارەکەیان برد و ڕۆیشتن، ئەوانی دیکەش هەروا. بۆیە منداڵەکانم گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانەی، لێیانەوە هاتبوون. کچەکەم کە لە ئوردن بوو، گەڕایەوە. ئەوانەی لە لەندەن بوون، گەڕانەوە و ئێستا لەوێ کرێنشینن، مووچە وەردەگرن و دەیدەنە کرێ. بەمەش خێزانەکەمان ئیفلاسی کرد. ئەو خانووانەی کە گوایە لێرە کڕیانن، هەر حەوتیان چۆڵن و بە کرێش ناچن، من یەکێکم لە قوربانییەکانی ئەم وەبەرهێنانە و سێ ساڵ پێش ئێستا لەو بارەیە نووسیم و گوتم: ئەو سیاسەتی وەبەرهێنانە هەڵەیە!

خوا بارانی داونەتێ، ئەوە دوو مانگە باران نەوەستاوە، جگە لەو هەموو لەوەڕگایەی هەتانە، باشە ئێوە چیتان داوە لە بالەخانەی سی نهۆمی و چل نهۆمی، کە هەر هەمووێشیان نووسینگەن؟ چییە، ئێرە نیویۆرکە؟ چییە، وا دەزانن ئێوە دوبەین؟ ئێوە دوبەی نین، ئێوە هەولێرن. دوبەی بۆ دارخورمایەک، خۆڵ لە ولاتێکی دیکە دەکڕێ و هاوردەی دەکات، خوا خاک و خۆڵ و ئاوی نەداوەتێ. کەچی هەموو شتێکی داوەتە ئێوە، فەرموون پیشەسازیی کشتوکاڵ بکەن.

بۆیەش کە پرۆژەکەمم ناو نا (ئابووریی بزن)، هەندێک گوتیان حەسەن عەلەوی ئیهانەمان دەکات، بۆچی ئیهانەتان دەکەم؟ نزیکەی (3000000)سێ ملیۆن سەر بزن و مەڕ لە کوردستان هەبوو، لە سەدەی نۆیەمدا سەنگی بازرگانی لە بەرانبەر ئەورۆپادا لە قازانجی کوردستان بوو، چونکە پێست و تووتن و جۆی هەنارەدە دەکرد. باشترین جۆری جۆ لە جیهاندا، باشترین جۆری گەنم لە ناوچەکەدا، گەنم و جۆی کوردستانە. کوا ئەو کالا و بەرهەمانە لە کوێن؟ بێگومان نەماون.

بەهەرحاڵ، ئێستاش نەچووە بچێت، کشتوکاڵ خێرایە، بە دوو ساڵ پرۆژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، دەتوانن بە ماوەیەکی کەم ببنە گەورەترین هەناردەکار بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بڕۆن پرۆژە بدەنە سعوودیە، ئەوان پرۆژەی (سافی و مەرعی)یان هەیە، چونکە ئاویان نییە، سوپاسگوزارن بێنە ئێرە و پرۆژەیان بدەنێ.

لەبەر ئەوەی ئێرە ولاتی منە، دڵم بۆی دەسووتێت، دڵم بۆ کورد دەسووتێت. من هاوولاتیی ولاتێکی تر نیم، لێرەم، ئێرە ولاتی منە، بۆیە ڕەخنە دەگرم و چاو لە کەموکوڕتییەکانی ناپۆشم.





بنیاتنانا دەولەتێ کەسێن بلیمەت دڤێن

غیاس خالد زێباری

دڤان سەردەمان دا ئاڤاکرنا دەولەتێ و بنەمایێن وێ ، یان هەر شێوازەکێ دەسهەلاتداریێ. ب ئاڤاکرنا پەیوەندییێن خۆرت و بەرژەوەند پاریز دهێنە دانان ، ئەف رەنگە پەیوەندیەژی ب کەسایەتییێن لێزان و دووربین و داریژەرێن ستراتیژیەکا چەندین پلان دهێنە گرێدان.

د سیاسەتێدا ئەگەر پەیوەندییێن خۆرت لسەر بنەمایێ پاراستنا پەرژەوەندێن دوو لایەنی یان چەندین لایەنی نەبێن ، دوومدار نابن و د بچیکترین کاوداندا دێ هێنە برین .

خۆراگری و مانەڤە و پێشڤەبرنا کیانێ هەرێما کوردستانێ و حکومەتا هەرێمێ هەر ل سالا 1991ب سیاسەتا دارشتی و دووربینا پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی یا گرێدایی بوو ، لسەر ئاستێ هەرێمایەتی و نیڤ دەولەتی ژی.

ڤێ سیاسەتا دبلۆماسیا دووست پشتەڤانێن نیڤ دەولەتی و هەرێمی بۆ کوردستانێ پەیدا کرن . دڤی سەردەمی دا هەر وەلاتەکی یان کیانەکی پشتەڤانیا نیڤ دەولەتی یان وەلاتێن زل هێز نەبیت نەشێت خۆ لسەر پێن خۆ بگریت و بەرژەوەندێن خۆ ب پاریزیت .

سیاسەت و پەیوەندییێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ فاکتەرێن سەرەکینە بۆ پاراستن و پێشڤەبرنا هەرێما کوردستانێ و دابینکرنا پشتەڤانیا نیڤ دەولەتی .

چونکی دڤان سالان دا هەرێما کوردستانێ توشی مەترسییێن دژوار بوو ب پیلانێن هەرێمی و نافخۆیی ، ژوانا هێرشێن تیرۆرستییێن داعش بۆ سەرهەرێما کوردستانێ و پاشان پیلانا هەرێمی و نافخۆیی یا 16ێ ئکتۆبەرا سالا 2017 بۆ ناڤبرنا قەوارێ هەرێما کوردستانێ هێرشێن حەشدا شەعبی ب پشتەڤانی و پشکداریا وڵاتێن ئەقلیمی .

لێ ئاستێ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ د وی ئاستێ پێتڤی دا بوون کۆ جڤاکێ نیڤ دەولەتی و وەلاتێن زلهێز پشتەڤانیا هەرێما کوردستانێ بکەت ، هەرچەندە ل پیلانا خیانەتکاریا 16ێ ئکتۆبەرێ لدەسپێکێ بێدەنگیەک دیار بوو. لێ بزاڤێن سیاسی و دبلۆماسی یێن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دچەند رۆژەکاندا موعادلە د بەرژەوەندا هەرێما کوردستانێ و خەلکێ کوردستانێ دا گۆری و ئەو پیلان هەلوەشاندن.

ئەڤرۆ ژی ئەگەر هەلویستێن وەلاتێن ئیکگرتیێ ئەمریکا وەک مەزنترین و کاریگەرترین وەلاتێ جیهانی بەرامبەر هەرێما کوردستانێ بکەینە نمۆنە ، دیار دبیت ، د ئاستەکێ هەرە بلند و بهێز دایە گرنگیەکا هەرە مەزن ب هەرێما کوردستانێ دەدت .

سەردانێن پلەدارێن بلندێن ئەمریکا و ئەوروپا بۆ هەرێما کوردستانێ کۆ ب فەرمی و دەستووری پشکەکە ل وەلاتێ عیراقێ نیشانێ گرنگی پێدانەکا مەزنە.

سەردانا وەزیرێ دەرڤە یێ ئەمریکا (مایک پۆمپیۆ) و پاشدا وەزیرێ دەرڤەی فرەنسا (ژان ئیڤ لودریان) و وەزیری دەرەوەی ئیران (محەمەد جەواد زەریفی)بۆ هەرێما کوردستانێ دڤان کاوداناندا نامەیەکا ڤەکری و ئاشکرا یا ئەمریکا و ئەوروپاو وڵاتێن ئەقلیمییە بو کومەلگەها نێو دەولەتی کو کوردستان بنگەهەکێ گرنگێ بریارێیە دسیاسەتا رۆژهەلاتا ناڤێن.

ژلایەکێ دیتر ئاڤاکرنا مەزنترین کونسانیا ئەمریکا ل هەولێرێ و ڤەکێشانا هێزێن ئەمریکا یێن ل رۆژئاڤایێ کوردستانێ بۆ هەرێمێ و هاریکارییێن وان بۆ پێشمەرگەهێن کوردستانێ ، خالێن ئەرێنی نە یێن پشتەڤانیا مەزنترین وەلاتێ جیهانێ بۆ هەرێما کوردستانێ.

ئەف پشتەڤانیا نیڤ دەولەتی بۆ هەرێما کوردستانێ ب پلان و بەرنامە بوویە و ئەڤرۆ نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و خودان دەسهەلاتێن پرانیا سەرۆکێ هەرێمێ پێشەنگ و داینەمۆ و داریژەرێ ڤان پەیوەندیانە و شیایە بۆ بەرژەوەندێن هەرێما کوردستانێ دالەنگینیت و جیهان ژی گرنگیەکا هەرە مەزن ب کەسایەتیا وی ددەت.

پیرۆزباهی کرنا جەنابێ وی ژلایێ وەزیرێ دەرڤەیێ ئەمریکا ب هەلکەفتا کاندیدکرنێ بۆ پۆستێ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ ژلایێ پارتی دیموکراتی کوردستان.

نیشانێ پشتەڤانیا وەلاتێ ئەمریکا یە بۆ هەرێما کوردستانێ و نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکێ داهاتیێ هەرێمێ د ئەرکێن خودا .

دیسان ئەڤ پەیوەندییێن تێکەلکرنا بەرژەوەندێن هەرێما کوردستانێ ب خەلک و وەلاتڤە دگەل بەرژەوەندێن وەلاتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا دەلیڤەیەکا خورتن بۆ ئاڤاکرنا کوردستانەکا بهێز و ئارام و بەرەڤ سەروەری و دەسکەفتێن مەزنتر.

دڤێرەدا دیار دبیت گاڤێن سەروک بارزانی و پارتی و رێزدار نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەمی بۆ پاراستنا بەرژەوندێن خەلکێ کوردستانێ نە و ئاڤاکرنا وەلاتەکێ بهێز و دابینکرنا دەسکەفتێن نەتەوی و نشتیمانی و ئازادی و رزگاریا وەلاتی پێتڤی ب بناغێن پۆلایین و ئەڤ بناغەیە ب کەسێن خودان هزر و هەستێن پۆلایین و خۆراگر و دوورب ین دهێتە دانان و خامەیێ ڤی ئاڤاهی پەیوەندییێن نیڤ دەولەتی و دگەل وەلاتێن زلهێزن.

ئەڤەژی لسەر دەستێ نێچیرڤان بارزانی هاتیە دانان و بەردەوام دگەشەبوونێ دانە. لەوما پاشەرۆژەکا گەش لپێش هەرێما کوردستانێ یە.



عمر محمد فرج

سەرۆک بارزانی
وەک فریادڕەسی قۆناغەکە


ئێستا هەرێمی کوردستان بەرەو هەستانەوە دەچێت و هەموانیش بەڕوونی ئەو هەستانەوەیە دەبینن، دیسان هەرێم بووەتەوە جێگەی بڕیاردان لە بارەی ڕووداوو و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکەیشەوە، ئاراستەی سیاسی لەکوردستان، ڕوانگەی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا بەسەرۆک بارزانی سپێردووە ولەوەوە دەڕوانرێتە ئامانج و داواکاری داهاتووی کوردستان. ئەم پێ سپاردنەی فایلی کوردستان بەبارزانی حاڵەتێکی مێژوویییە کە نەبەستراوەتەوە بە هەبوونی پێگەی فەرمی سەرۆک بارزانی لە دامەزراوە سیاسیەکانی کوردستان یان عێراقدا، بەڵکو بووە بەزادەی ڕاستیەکی وەها کە جیهانی دەرەوە و دەوروبەریش ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، ئەوەتا لە ئێستادا بەگرنگیەوە جیهان بایەخ بەڕوانگەی سەرۆک بارزانی دەدات بۆ داهاتووی گەلەکەی هەم لەعێراق و تەنانەت دەوڵەتانی ئەو ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کوردی وڵاتەکانی خۆیان تەماشای ڕاوبۆچوونی بارزانی دەکەن. ئەم بەسەنتەربوونەی بارزانی جارێک لەسودی دۆزی نەتەوەیی کوردستانە لەتەواوی ناوچەکە و جارێکیش لەسودی دۆزی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقدا، لەهەمان کاتدا دەولەتانی ناوچەکەش ئەو ڕاستیە دەزانن کە بارزانی خاوەن بڕیار و بۆچوونی ڕاشکاوە و بەڕچاوکردنی واقیع بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بەمیکانیزمی ئاشتی بەچارەسەری بنەڕەتی دەزانێت. ئیدی بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە کە ئەوە پۆست و پلەی فەرمی نیە پێگە بەبارزانی دەدات و وەک ژمارەیەکی قورسی هاوکێشەکان دەینوێنێت لەناوچەکەدا، ئەوە سەنگی سیاسی و ئەزموونی سیاسی کەڵەکەبوو وپشتیوانی جەماوەری گەلی کوردستان لەڕوانگە ودنیابینی بارزانی کە هێز بە ئەو دەبەخشن، لێرەوە گرنگە هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش وەبەرهێنان لەم پێگە وقۆرساییەی بارزانیدا بکەن لەپێناو گەیاندنی کەشتی داوخواستەکانی گەلی کوردستان بەکەناری ئارامی، بۆئەوەی هەموان پێکەوە بەشداربن لەتێپەڕاندنی ئەم قۆناغەدا کە قۆناغی هەستانەوە وبەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانە لە ساتی لاوازبوون و گیرۆدەبوونی هێز و دەوڵەتانی ناوچەکە بەچەندین گرفتی ناوخۆیی وەدەرەوەی خۆیانەوە، ئەمەش دەبێتە دەستکەوت بۆ هەموان، هیچ پاساوێکیش نیە بۆ پشتیوانی نەکردنی بارزانی لەم قۆناغەدا، چونکە بارزانی ئێستا دەستبەرداری هەر پۆست و دەسەلاتێک بووە و بەهیچ شێوەیەک چاوی لەپۆستی ڕەسمی نیە و تەنها وەک پێشمەرگەکەی جاران لەمەیداندا خەباتکارێکی ماندوونەناسە لەڕووی دیبلۆماسی وکەشفکردنی کۆدەکانی دۆزینەوەی لایەنگر وپشتیوان بۆ دۆزی گەلی کوردستان، هەربۆیەش هەموو جیهان ڕوویان لەبارزانیە بۆ ئەوەی خواستی گەلی کوردستان بزانن.

بۆچی پارتی حکومەت بە 50+1 پێکناهێنێت؟



ئەندازیار: بەرهەم گەردی

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلولی ساڵی رابردوو ئەنجامدراوە کە زیاتر لە سێ مانگ تێپەر بووە بەڵام هێشتا دانوستانەکان نەگەیشتوون بەدەرەنجامێکی باش،پارتی دیموکراتی کوردستان وەک خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانی هەوڵەکانی وەگەڕخستووە لەپێناو پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێەم بەڵام ڕەنگێت بەشێکی زۆر لە خەڵک و جەماوەری پارتی بەدوای وەڵامی ئەو پسیارە بگەڕێن ئاخۆ بۆچی پارتی کە خاوەنی 45کورسی پەرلەمانیە و لەگەڵ حزبە هاوپەیمانەکانی دەمێک بوو دەیانتوانی کابینەی نوێ پێک بهێنن بۆ پێکی نەهێناوە و ئامانجی پارتی چیە؟. وەڵامەکەی ئەوەیە دەبێت ئەوە ڕوون بێت بۆ هەموان کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن پارتی خاوەن دروشمێک بوو کە بریتیبوو لە (بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز) وە پارتی هەمیشە لەگەڵ جەماوەر و دەنگدەری خۆی ڕاست بووە و شتێکی نەوتوە و نەکردووە بە دروشم کە توانای ئەنجامدانی نەبێت وەک هێزە سیاسیەکانی دیکە کە هێشتا هەڵبژاردن تەواو نەبووە کردارەکانیان سەلێنەری ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵکی خۆیان ڕاست نەبوون،بۆیە ئەوەی بەلای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گرنگە کابینەی نوێەم ببێتە هۆی دروستکردنی یەکریزی لایەنە سیاسیە سەرەکیەکانی کوردستان کە تاکە کارتی کورد بۆ بەهێز هێشتنەوەی بەرامبەر بەغدا.وە لە ئێستادا ناوچەکە هەمووان ئاگادارین کە هەلومەرجەکان وا پێویست دەکات کورد لە هەموکات تەباتر بێت دەنا دەستکەوتەکان لەدەستدەدات وە دەرفەتەکانی دێنە پێش ناتوانێ بەکاریان بهێنێت لە بەرژەوەندی خۆی ،کە ئەمەش بەلای پارتی هێلی سورە کە دەبێت خاوەن حکومەتێکی بەهێز بین وە لە ئاستی ناوخۆش پارتی مەبەستیەتی کە ئەم کابینە کابینەیەکی چاکسازو دژە گەندەل بێت کاری زۆری لە پێشە بۆ ئەوەی بیانکات بەلام ئەمەش بە تەنها ڕەنگبێت؟! بۆ پارتی ئاسان نەبێت کە بیەوێ ڕووبەڕووی گەندەڵکاران ببێتەوە بە تایبەتر لە سنوری سلێمانی کە فرە کێخوای هەیە پێویست دەکات حکومەتێکی ڕەشیدی بەهێزمان هەبێت تاوەکو بتوانین پاریزگاری لەم پێگە بەهێزە نێودەوڵەتیەی هەرێمی کوردستان بکەین وە لەئاستی ناوخۆش ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر بکرێت . دەبێت برادەرانی یەکێتی (بەتایبەت) ئەو هەلە نەقۆزنەوە بەکاری نەهێنن وەکو گوشارێک وە چیتر پێکهێنانی حکومەت دوانەخەن و نەبنە ڕێگر، ڕاستە پارتی سەبری ئەیوبی هەیە بەڵام ئەو سەبرەش خۆ تەواو دەبێت باشترە هەمووان پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکومەت خەڵکی کوردستان دەنگی داوە چاوەڕێی کارو خزمەتە لە سەرجەم هێزە سیاسیەکان.





ئەو 16 وشەیەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هەژاند



عەدنان فاخر/ دیانا

پسپۆرە ئەزموونداڕەکانی جیهان کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ هیچ شتێک مەحاڵ نییە لە مێژوودا جگە لە مردن، کەواتە گۆڕانکارییەکان لە هەموو ئاستەکاندا بەردەوامن هەروەکو زانستە جیاجیاکان چۆن لە پێشکەوتن و گەشەی بەردەوامدا بە هەمان شێوە لە زانستی سیاسیشدا شتی جێگیرو نەگۆڕ زۆر دەگمەنن تەنانەت ڕای وا هەیە دەڵێ هەر نیە، بەم پێیە ئەگەر بڵێین 16 وشە چەقی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هەژاند و ڕژێمێکی دڕندە و دیکتاتۆری وەکو عێراقی لە ڕیشەوە هەڵتەکاند سەیر نیە ... هێنانەوەی ئەم ڕووداوە دەگمەنە مێژوویی پێویستە تا وەکو پەند و عیبرەت چەند جارە بنوسرێت و بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو ڕژێمە شمولیانەی کە تا ئێستاش پەیڕەوی هەمان سیاسەت دەکەن بەڵام بە بەرگی ئیسلام و مەلیکی و هی ترەوە تەنراون ... جۆرج تینێت کە لە ساڵی 1997 کراوە بە بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی حکومەتی ئەمریکا لە دوو تونێی کتێبەکەی دا بەناوی (فی قلب العاصفه) دا کە لە (دار الکتب العربی) لە لوبنان چاپ و بڵاو کراوەتەوە لە بەشێکیدا بەناوی (ست عشره کلمه) دا دەڵێت **(علمت الحکومه البریکانیه ان صدام حسین سعی مؤخرا للحصول علی کمیات کبیره من الیورانیوم من افریقیا)** واتە (حکومەتی بەریتانیا زانیویەتی کەوا بەم دواییە سەدام حوسێن هەوڵی داوە بڕێکی زۆر لە مادەدی یورانیۆم لە ئەفریقیا بە دەست بێنێت) جێگیر کردنی ئەم دێرو نیوە لە ناو گوتارەکەی جۆرج بۆشدا پێویست بووە بۆ قەناعەت پێکردنی ئەنجومەنی پیران و پەرلەمانی ئەمریکا تا بەیاسا ڕێگا بدەن ئەمریکا بە هاوکاری 30دەوڵەتی هاوپەیمان لە ڕێگای سەربازییەوە ڕژێمی عێراق بگۆڕێ ... هەر چەندە خودی جۆرج تێنت و ستافەکەی قایل نەبوونە بە بەکار هێنانی ئەم دێرو نیوە لە گوتارەکەدا ... بەهەر حاڵ ئەوەی مەبەست و مایەی سەرنجە بریتیەلە _ ڕژێمی سەدام لە شەڕی عێراق و ئێران و لە دژی کوردیش زۆر بە ئاشکرا چەکی کیمیاوی بەکار هێناوە خۆیان و وڵاتە ئەورووپییەکانیش لە هەموو کەس باشتر ئەزانن کە ئەم چەکەی لە کۆی هێناوە _هەروەها تا ڕوودادەکەی 11 سپتێمبەری 2001 تەقاندنەوەی هەردوو تەلارەکەی ئەمریکا ڕووی نەدا هیچ وڵاتێک بە کردەوە لاری نەبوو لە کردەوەکانی ڕژێمی سەدام ،کەواتە ئەوەی بەسەر ئەو ڕژێم و وڵاتە قودرەت مەندو دکتاتۆرانەدا هات بۆ کوردیش نەک مەحاڵ نییە رەنگە ئاسانتریش بێ .....چونکە ئەو 16 وشەیەی زۆر بە زەحمەت خرایە ناو وتارەکەی سەرۆکی ئەمریکاوە و بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق وە لە لایەن کۆمەڵی نێو دەوڵەتیشەوە لە ڕووی کردارەوە بە ئاسایی وەرگیرا ئەوا بۆ کورد ئەگەر ئەم وشانە چەند جارەش بکرێنەوە لە ڕاگەیاندنی هەواڵێکی ڕۆژانە زیاتر نابێ...بۆیە دەبێ کورد لەوە تێ بگات کەوا ئەم ڕووداوانە لە ڕووی کات و شوێنەوە زۆر لە کورد نزیکن....بە هەند هەڵنەگرتن و قەتیس بوون لە کێڵگەی کورت بینی دا و سەرقاڵ بوون بە کێشە لاوەکییەکانی ناوخۆ جگە لە دواکەوتن و لەدەستدانی دەرفەت سەنگ و پێگەی کورد لە شانۆ سیاسیەکەشدا لەرو لاواز دەبێ..کەمیشمان بەسەر نەهاتوە تا لەبیری بکەین....!! کەسیش لە خەمخۆری و دڵسۆزیەوە کردارەکانمان ئاراستە ناکات و لە کارەساتەکانیش نامان پارێزێت... ....لێپرسراوێتی بڕیار بە دەستەکانی کورد لەم قۆناغەدا هێنندە گرنگ و هەستیارە بۆ چارە سەر کردنی گرفتەکان و هەڵێنانی هەر هەنگاوێک دەبێ لەچوار چێوەی نەخشە ڕێگەیەکەوە بێ بەفۆرم و پێوەری زانستی دارێژرابێ ولەلایەن کەسانی پسپۆرو بە ئەز موون و ئایندە بین و دلسۆزەوە بەڕێوە ببرێ و دەبێ بە تلسکۆپ و چاویلکەی عەقلەوە بروانە قۆلایی ئەو مەشهەدە سیاسیەی کە میحوەری تێکرای کرداڕە سیاسی و ئابووری و دبلۆماسیەکانە.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف خولی پێنجەمی پەیمانگای کوردستان بۆ وتاربێژان کرایەوە



دوێنێ بەئامادەبوونی پشتیوان ساق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت و د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوان، د.جمیل سورچی بەڕێوەبەری پەیمانگا، لە مەراسیمێکدا خولی پێنجەمی پەیمانگای کوردستان بۆ وتاربێژان دەستی پێکرد.

لە وتەیەکدا بەبۆنەی کردنەوەی خولی پێنجەم، وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی بەڕێز کرد و هیوای سەرکەوتنی لەخولی تازە بۆ بەشدار بووان خواست.

دواتر وەزیری ئەوقاف رایگەیاندن کە پەیمانگای کوردستان ناوەندێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری ئایینی وتابێژانی بەڕێز، هەموو بابەتەکانیشی لەچوارچێوەی بابەتی شەرعی و نیشتیمانێ و خزمەت بە مامۆستایان دەکات. لەتەوەرێکی تری وتەکەیدا رایگەیاند: لەسەر هەموومان پێویستە گیانی خۆشەویستی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان قوڵتر بکەینەوە، بۆ ئەمەش پێویستە مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی خۆیان بە لە پاراستی کلتوری پێکەوەیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان تەواوی ببینن، بۆ ئەمەش وەزارەتی ئەوقاف پشتیوانی لەم ستراتیژییەتە دەکات.

وەزیری ئەوقاف زێتر گوتی: شانازی دەکەین لە خزمەت مامۆستایانی ئایینی دەبین بە کردنەوەی خولی بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئاستی زانستیان.

جێگەی ئاماژەیە پەیمانگای کوردستان بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێرە و لەسەر ڕاسپاردەی کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی لەساڵی 2016بڕیاری کردنەوەی درا و تاوەکو ئێستا 200مامۆستا بەشداری خولی پەیمانگایان کردوە و خولی پێنجەمیش 50مامۆستا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەشدارن. شوێنی حەوانەوەی مامۆستایانی دەرەوەی شار ئامادە کراوە هەروەها خواردن و هاتوچۆ لەسەر ئەرکی وەزارەت دەبێت، لە داهاتووش بەشداریکردنی مامۆستایانی وتاربێژ دەبێتە مەرجی سەرەکی وتاردان.

کچەکەی هەڵەبجە.. بە فەرمی ناسنامەی پێدرا



پاش چەند ساڵ کێشە و گرفت، بۆ مریەم هەڵەبجەیی سەرەنجام دوێنێ یەکشەممە 2019/1/20 لە دادگایەکی فەرمیدا لە هەولێر بڕیار درا ڕەگەزنامەی عێراقیی پێ بدرێت. ئەو کچە هەڵەبجەییە کە پاش کارەساتی کیمیاباران هەڵەبجە ون ببوو، لە ئێران لەلای بنەماڵەیەکی فارسەوە گەورە بووە، ناوی مریەم بووە و چەند ساڵێکە هاتووەتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام چەند گرفتێک لە کەیسەکەیدا دروست ببوو. مریەم ناوی خۆیە گۆڕیوە بۆ ژیان کامەران و ڕێکەوتی لەدایکبوونیشی ئەمڕۆ دیاری کردووە و دادگای هەولێر بڕیاری دا ناسنامەی عێراقیی بە فەرمی پێ بدرێت.

پێشتر و ساڵی 2017 و ڕێکەوتی 2017/10/31 لە دادگای سلێمانی دانیشتنێک لەبارەی کەیسی مریەم هەڵەبجەیی بەڕێوە چووبوو، پارێزەرەکەشی ئاشکرای کردبوو کە پشکنینی دی ئێن ئەی ئەوەی سەلماندووە کە مریەم هاوناز نییە، بەڵام دوای چەند پشکنین و دادگایی و پێداچوونەوەی دیکە ئەمڕۆ چارەنووسی یەکلایی بۆتەوە.

مەریەم هەڵەبجەیی کچێکی کوردی ونبووی هەڵەبجەیە و لە ئێران گەورە بووە، لە ساڵی 2015وەها ڕاگەیێندرا کە ناوی ڕاستەقینەی هاونازە و دایکی هاونازیش دۆزرایەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لە ئاشکراکردنی ناسنامەکەی هەڵە کراوە. بەهۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی 1988 لەلایەن سەددام حوسێنەوە، تاکوو ئێستا 179 منداڵی 73 خێزانی هەڵەبجە چارەنووسیان دیار نییە، 7 منداڵی هەڵەبجەیش چاوەڕێی ئاشکراکردنی ناسنامەیان دەکەن و دادگاش وتەی سێ لەو منداڵانەی وەرگرتووە.

داهاتی شارەوانییەکانی هەولێر زیاتر لە 10 ملیار دینار بووە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەندازیار نەبەز محێدین بەڕێوەبەری گشی شارەوانییەکانی هەولێر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕونیکردەوە، هەرچەندە لەماوەی ئەو چەند ساڵانەی قەیرانی دارایی هەبوو ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان بەردەوام خزمەتی هاوڵاتیانمان کردووەو کارەکانمان هەرگیز نەوەستاوەو خزمەتی هاوڵاتیانمان کردووەو لە هەولێر 60 شارەوانی و 13 بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەیە و لە کۆی ئەو شارەوانییانە لە ساڵی ڕابردوودا بڕی 54 ملیارو 557 ملیۆن دینار خەرجی و بڕی 10 ملیار و 150 ملیۆن و 155 هەزار دینار داهات هەبووە دیارە بە ڕێژەی 17% لە داهات بۆ پڕۆژەکان خەرجکراوە و کۆی گشتی ئەو پڕۆژانەی بە پارەی داهاتی شارەوانییەکان ئەنجامدراون، بریتی بووە لە 41 پڕۆژە و بڕی یەک ملیار و 659 ملیۆن دیناریش لە وەزارەتی شارەوانی وەرگیراوە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەک و ئەو پڕۆژانەش کە لەسەر پێشینەی مانگانەی بە ڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان ئەنجامدراون بریتی بووە لە 857ملیۆن دینار و 386هەزار دینار و جگە لەوەش لە موزایەدەی بە ئاشکراش 249 گرێبەستکراوە و تەنها لە پڕۆژە پیشەسازییەکان و زەویبە ڕوکنەکان و نایابەکانیش بە پێی یاسا فرۆشراون و تێکدانی زێدەڕۆییش بریتی بووە لە 232 شوێنی زێدەڕۆیی کە لە لایەن خەڵکانەوە زێدەڕۆیی کرابووە سەر و 54سکاڵای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەرۆایەتی شارەوانییەکان تۆمار کراوە لەو ژمارەیەش تەنها 43یان بردۆتەوە و 19شیان لە دادگا ماوە جگە لەوەش باسی کۆی گشتی ئەو پارەیەی کرد کە لە ئامێرە لە کار کەوتووەکان خەرجکراوە بریتی بووە لە 511 ملیۆن و 354 هەزار دینار بووە و هەرلە درێژەی قسەکانیدا باسی لە کۆی ئەو پارەیە کرد و گوتی: ساڵی پار بڕی 18 ملیار و 52 ملیۆن دینار بۆ خاوێنکردنەوەی زبڵ و خاشاک خەرجکراوە.

لقی هەولێری دروستکراوی دانەوێڵەی ڕێزی لێگیرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

بەمەبەستی زیاتر هاندان و کارکردن و خزمەتکردن، کۆمپانیای گشتی دروستکردنی دانەوێڵەی بەغدا کەسەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراقە لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێزی لە کاکە زیاد ساڵح بەڕێوەبەری لقی هەولێری دروستکراوی دانەوێڵە نا لە بەرامبەر ئەو خزمەتە زۆرەی کە بە ئاوارە و پەنابەرانی خوشک و برایانی عەرەب کردووە، کە لەناو کەمپەکانی سەر بە شاری هەولێر نیشتەجێن و مانگانە بەشە ئاردیان بەسەر ئەو ئاوارانە دابەشکردووە.

وەزارەتی کار کار بۆ بێکارن دەدۆزێتەوە

کامیران ئەحمەد بەڕپرسی تیمی گەڕۆک لە وەزارەتی کار بە خەباتی ڕاگەیاند: وەزارەتی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوی Giz ئەلمانی، چەند پاسێکی گەڕۆکی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێن تا ناوی ئەو کەسانە تۆمار بکەین کە بێکارن. هەر بۆیە دوێنێ یەکشەمە، سەردانی قەزای شێخانمان کرد. ئەو تیمە گەڕۆکانە بەردەوام دەبن لە گەڕان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بێکارن ناویان تۆمار بکەین تا هەر کەسە و بە پێی پیشە و شارەزایی خۆی لەو مەجالەی خۆیدا، کاریان بۆ بدۆزینەوە.

بڕیارە کارەبای هەرێم 500 مێگاوات زیاد بکرێت



بەڕێوەبەری گشتیی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان گوتی: بەپێی ئەو پلانەی دانراوە، بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا 500 مێگاوات کارەبای دیکە زیاد ببێت، بەمەش دەتواندرێت چەند سەعاتێک زیاتر کارەبای نیشتیمانی بە هاوواڵتیان بدرێت.

ئومێد ئەحمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: بە گوێرەی ئەو پلانەی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان داینارە، بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەوە لە ڕێگەی وێستگەی کارەبای خورمەڵە، 500 مێگاوات کارەبای دیکە بۆ هەرێمی کوردستان زیاد ببێت، بەمەش دەتوانین ڕۆژانە نزیکەی 3 سەعات کارەبای دیکە بۆ هاوواڵتیان دابین بکەین.

ئەحمەد باسی لەوەش کرد، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی سێ هەزار مێگاوات کارەبایە و ڕۆژانە هەشت بۆ یازدە سەعات کارەبا بۆ هاوواڵتیان دابین دەکرێت.

پزیشکە تەقەلێکراوەکەی سلێمانی: مەلەفێکم ئاشکرا کردووە



ئەو پزیشکەی شەوی ڕابردوو لە شاری سلێمانی تەقەی لێکرا، ئاشکرای کرد کە دۆسیەی هاوردەکردنی دەرمانی ئێکسپایەری بەرپرسێکی ئاشکرا کردووە و بەو هۆیەوە تەقەی لێکراوە.

دکتۆر بەختیار ئەمین بارام، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ئێسک و شکاوی، ڕایگەیاندووە: شەوی ڕابردوو دوای ئەوەی لە نۆرینگەکەم تەواوبووم، بە شەقامی سالمدا دەڕۆشتم، لەپڕ ئۆتۆمبێلێکی جۆری تویوتا هاتە بەردەمم و ڕایگرت و منیش لە ئۆتۆمبێلەکەم دابەزیم، گوتم ڕەنگە کەسێکی ناسراو بێت، بەڵام دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکەم دابەزیم، سێ کەسیان هاتن بەرەو ڕووم کە جلی مەدەنییان لەبەردابوو، یەکێکیان کەلەیەکی لە دەموچاوم دا و دەم و لووتم پڕبوو لەخوێن بوو، بە پیاوی بەرپرسێکی بالآ خۆیان ناساند، هەروەها ئەو کەسانە جنێوێکی زۆریان بە پارێزگار و بەڕێوبەری ئاسایش دا، چونکە خۆیان بە پیاوی بەرپرسێکی بالآ ناساند و گوتیان: حیساب بۆ کەس ناکەین.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە یەکێک لە چەکدارەکان هەوڵی کوشتنی داوە و ویستوویەتی تەقەی لێبکات، بەڵام من پەلامارم دا و دواتر ڕامکرد، بەڵام تەقە کرا و دواتر خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و تەقەیەکی زۆر لەو ناوە کرا، بێگومان منیش بۆ ئەوەی ژیانم پارێزارو بێت، داوای هاوکاریم لە پۆلیسی فریاکەوتن کرد، خۆشبەختانە هێزەکانی پۆلیس هاتن بە دەمەوە و لە دەستی ئەو چەکدارانە ڕزگاریان کردم.

دکتۆر بەختار ئەمین بۆ باسنیوزی ئاشکرای کردووە، ئەو کەسانەی تەقەیان لێکردووە، پیاوی بەرپرسێکی بالآ بوون، چونکە دوو مانگ پێش ئێستا، کەیسی گەندەلیی هاوردەکردنی دەرمانی ئێکسپایەرم لەلایەن ئەو بەرپرسەوە ئاشکرا کردووە، بۆیە ئەو بەرپرسە پیاوەکانی خۆی ناردووە تاوەکوو بمکوژن.

پزیشکەکە نەیشاردەوە کە لەبەردەم مەڵبەندی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە، بۆیە سکالای یاسایی لە دژی بەرپرسەکە تۆمار دەکات و دەڵێت: ئەگەر بەرپرسەکە ئەوانەی نەناردبێت، ئەو کەسانە چۆن لەخۆیانەوە بەناوی بەرپرسەوە ئاشکرا کردووە، بۆیە ئەو بەرپرسە هێشتا ئازاد و بێ سزایە؟

وەزارەتی خوێندنی باڵا سەبارەت بە ڕێکلامێک ڕوونکردنەوە دەدات

لە ڕاگەیاندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، هاتووە: لەلایەن هەندێک ماڵپەڕ و پەیجی سۆشیال میدیا ئاگادارییەک بەناوی زانکۆی ئۆستراڤای چیکی بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە خوێندن لە بەشە پزیشکییەکانی زانکۆکانی کۆماری چیک دەکات. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە پێویستی دەزانێت ئاگاداری سەرجەم خوێندکاران و قوتابیان بکاتەوە ئەم جۆرە ڕیکلام و ئاگاداریانەی بانگەشەی بۆ دەکرێت هیچ جۆرە مۆڵەتێکی فەرمی پێنەدراوە و لە دەرەوەی ڕێککار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

لە کۆتایی ڕاگەیاندراوەکەدا داوا لە قوتابیان و خوێندکاران دەکەن خۆیان لەم جۆرە بابەتانە بەدوور بگرن و، داواکاری بۆ هیچ دامەزراوەیەک پێشکەش نەکەن، کە مۆڵەتی فەرمی و یاسایی وەزارەتەکەمانی نەبێت.

لە ماوەی چوار ساڵدا 200 هاووڵاتی بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی دەرەوە کراون

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

د. خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە لێدوانێکی بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: بەر لە قەیرانی دارایی، ئەنجومەنی وەزیران ساڵانە بوودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەوانە تەرخان دەکرد کە توانای دارایین لاوازە و لە ناو کوردستان چارەسەری پزیشکییان نەبوو، ئەوا ڕەوانەی دەرەوە دەکران وەک نەخۆشانی تالاسیمی لە ماوەی چوار ساڵە هیچ بوودجەیەک بۆ ئەو نەخۆشانە دابین نەکراوە تا لە دەرەوە چارەسەری پزیشکیان بۆ ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی ئەو چوار ساڵەشدا توانراوە 200 هاووڵاتی بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی دەرەوە بکرێن و لە هەمان کاتیشدا ژمارەی چوونە دەرەوەی هاووڵاتیان لەسەر خەرجی خۆیان زیاترە، تەنها لە ساڵی ڕابردوودا 100 ملیۆن دۆلار چۆتە دەرەوە و لەبەر قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست ئەو بڕیارە لە گشتییەوە گۆڕا و تەنها بۆ نەخۆشانی تالاسیمیا بەردەوام بووە.

شایانی باسە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان هەزاران هاووڵاتی بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر، سەردانی دەرەوەی ولاتیان کردووە چ لە کەرتی حکومی چ لە کەرتی تایبەت هاووڵاتیان و ئێستا لە کوردستان نزیکەی 28 کۆمپانیا، لە بواری چارەسەرکردنی تەندروستی و پزیشکی کار دەکەن و ژمارەیەک لەو کۆمپانیایانە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان هەیەو وەزارەتی تەندروستیش گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک هەیە بۆ ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ دەرەوەو هەر نەخۆشێکیش سێ تا شەش مانگ لە دەرەوە دەمێننەوە پێش قەیرانی دارایی و بەپێی ڕێنماییەکان ناردن و ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی ولآت لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە بوو و ژمارەیەکی زۆری ئەو نەخۆشانەی دەنارد کە لە ناو کوردستان چارەسەری پزیشکیان نەبوو بەڵام ئێستا تەنها نەخۆشانی تالاسیمیا بۆ چاندنی مۆخ ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن.

سەندیکا هۆشداریی دەداتە پزیشکان

سەندیکای پزیشکانی کوردستان هۆشداریی دەداتە پزیشکان و نووسراوێک دەردەکات. بەپێی نووسراوێک، سەندیکا هەموو پزیشکانی کوردستان لە دوو ئاگادارکردنەوەی گرنگ، ئاگادار دەکاتەوە. لە ئاگادارییەکەی سەندیکا هاتووە: نابێ هیچ پزیشکێک بەبێ مۆڵەتی سەندیکا، کاری پیشەیی لە کەرتی تایبەت بکات. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەدا سەندیکا ئەو پزیشکانەی ماوەی دوو ساڵ لەسەر یەک، مۆڵەتی کارکردنی پزیشکی نوێ نەکەنەوە، ئاگادار دەکاتەوە کە مافی ئەندامێتیان لە سەندیکا نامێنێ و سەندیکا پشتگیری ناکات.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/1/21 ژمارە (5676)

بەرپرسێ لقێ9: گەنج و لاو هەردەم سەنگەرێن پیلاینێ بۆ پاراستنا هەرێما کوردستان



خەبات ـ سالح محەمەد

تەبرۆ: بەرپرسێ نڤیسینگەها راگەهاندنا بەرپرسێ لقێ9 بۆ خەبات گۆت: لدرێژەدان ب چالاکییێن لقێ9 و ب هەلکەفتا سالڤەگەرا دامەزراندنا گروپێ بێرات یێ لاوان ل گوندێ کەلاتی سەر ب ناحیا بجیل قە، ب بەرهەڤبوونا سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 و مازن محەمەد سەعید دەڤەردارێ ئاکرێ و بەرپرس و نوێنەرێن سازییێن حزبی و حکومی و لەشکری و رێکخراوێن جەماوەری و پیشەیی و پیاو ماقوولیێن دەڤەرێ و گەنج و لاوێن سنورێ ناحیا بجیل ل هولا ناوەندا بلندا لاوان ل ئاکرێ سالڤەگەرا گروپێ بێرات ب چەندین چالاکیان هاتە ساخکرنەڤە، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ ژلایێ لیژنەیا سەرپەرشتێ دریژە ب خەبات و چالاکییێن خۆ بدەن ژبەرکۆ ب سەدان گەنج و لاوێن کوردستانێ گیانێ خۆ یێ پیرۆز کری یە قوربانی بۆ بدەستڤە ئینانا مافێن رەوا یێن کورد و کوردستانێ و بارزانییێ نەمر ب دروستی وەسفا گەنج و لاوان کری یە دەمێ کەرەمکری: لاو شورایێن پولایی بوویەنە و خوینا خوە یا زەلال ژی کری یە قوربانی بۆ هەبوون و مانەڤێ... و رولێ گەنج ولاوان ب بلندی نرخاند د هەلبژارتنێن سالا بوری دا کو چەوا ب شیان ودلسوزییێن وان شیان ئەوێ لیستێ سەربێخن ئەو لیستا دبەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ دا. دیسان بەرپرسێ لقێ9 گۆت: دامەزراندنا ئەڤی گروپێ لاوان لڤێ دەڤەرێ پێنگاڤەکا پیروزە تاکو بکارن ئەڤان گەنج و لاوێن خوین گەرم دنێڤ رێکخراوەکێ دا و لبن رەشمالەکێ کوم بکەنەڤە و لسەر رێبازەکا کوردایەتیا راستەقینە و ب هەستەکا نەتەوی و نیشتیمانی و وەلاتپارێزی و هەستکرن ب بەرپرسیارەتییێ دریژە ب خەبات و چالاکییێن خۆ بدەن ژبەرکۆ ب سەدان گەنج و لاوێن کوردستانێ گیانێ خۆ یێ پیرۆز کری یە قوربانی بۆ بدەستڤە ئینانا مافێن رەوا یێن کورد و کوردستانێ و بارزانییێ نەمر ب دروستی وەسفا گەنج و لاوان کری یە دەمێ کەرەمکری: لاو شورایێن پولایی بوویەنە و خوینا خوە یا زەلال ژی کری یە قوربانی بۆ هەبوون و مانەڤێ... و رولێ گەنج ولاوان ب بلندی نرخاند د هەلبژارتنێن سالا بوری دا کو چەوا ب شیان ودلسوزییێن وان شیان ئەوێ لیستێ سەربێخن ئەو لیستا دبەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ دا. دیسان پەیڤا بخێرهاتنێ ژلایێ لیژنەیا سەرپەرشتێ دریژە ب خەبات و چالاکییێن خۆ بدەن ژبەرکۆ ب سەدان گەنج و لاوێن کوردستانێ گیانێ خۆ یێ پیرۆز کری یە قوربانی بۆ بدەستڤە ئینانا مافێن رەوا یێن کورد و کوردستانێ و بارزانییێ نەمر ب دروستی وەسفا گەنج و لاوان کری یە دەمێ کەرەمکری: لاو شورایێن پولایی بوویەنە و خوینا خوە یا زەلال ژی کری یە قوربانی بۆ هەبوون و مانەڤێ... و رولێ گەنج ولاوان ب بلندی نرخاند د هەلبژارتنێن سالا بوری دا کو چەوا ب شیان ودلسوزییێن وان شیان ئەوێ لیستێ سەربێخن ئەو لیستا دبەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ دا. دیسان

پێشمەرگەیەکی فیداکاری بارزانیی نەمر کۆچی دوایی کرد

خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژلاوکی:

دوای ململانێیێ زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا، پێشمەرگەی ماندوونەناس و تێکۆشەر و کەسایەتی خۆشەویستی دەڤەری بارزان، حەسەن عەبدوللا شێخ سیدەیی، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی کرد. لە مەراسیمێکی شایستەدا و بە ئاماەبوونی بەرێز بەهزاد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی، عومەر عوسمان مێرگەسۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسایەتی و جەماوەری دەڤەری بارزان تەرمی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی ماندوونەناس، حەسەن عەبدوللا سیدەیی لە گۆڕستانی مێرگەسۆر سەربە قەزای مێرگەسۆر بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دلسۆز حەسەن عەبدوللا شێخ سیدەیی، لەسالی 1932 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خەباتکار لە گوندی شێخ سیدەیی سەر بە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی منداڵی بووە کە ئاوارەیی تورکیا بووە، سالی 1941 لە تەمەنی 9 سالێ دابووە کە باوکی قارەمانی، عەبدوللا ککشار شێخ سیدەیی، شۆڕشگێری ناوداری بارزانییەکاندا گیان لە دەستداوە، سالی 1945 لە گەڵ کەسوکاری ئاوارەیی رۆژهەلاتی کوردستان دەبن و کەسوکاری بەشداری لە بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات و خاوەن چەند شەهید دەبن بۆ بەرگری کوردستان، دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەگەڕێنەوە کوردستان و زۆر غەریبی و دەردەبەری بینووە و بۆماوەی5 ساڵ لە پێناو رێبازی بارزانیی نەمرعەشقی دەبێت و دەچێتە چیا هەتا گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆ کوردستان، خوالێخۆشبوو



حەسەن عەبدوللا شێخ سیدەی یەکێک لەو پێشمەرگە چاونەترسانە بووە کە لە سەرەتایی سالی 1961 دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. هەروەها بەشداری شەڕەکانی دەڤەری بادینان و شۆڕشەکانی تر کردووە و یەکێک لەو کەسانە بووە کە باوڕپێکراو بووە لای بارزانیی نەمر و ڕۆڵی گیانفیدای هەبووە لە چەندەها داستانی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و کەسێکی خۆشەویست لای هاوسەنگەرانی، دوای نسکۆی شۆرش ئاوارەی ئێران دەبێت ویەکێک لەو تێکۆشەرانە کە هەردەم هانی ئاوارەکانی داوە خۆڕاگرین و بە هەمان ڕۆحییەتەوە لەگەڵ کەسوکارییەوە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان دەبێتە و یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی نزیک سەرکردەی نەمر شەهید ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی و هەروەها کوڕی پێشمەرگەی گیانفیدا، عەزیز کە کەسێکی لیهاتوو و ئازا بووە لە شۆڕشی گوڵان شەهید بووە، لە دوای ڕاپەڕین لە ئاوارەی و دەردبەری دەگەڕێتەوە کوردستان و لە گوندی باپیرانی، شێخ سیدەی سەر بە دەڤەری بارزان نیشتەجێ دەبێت.

خوالێخۆشبوو حەسەن عەبدوللا شێخ سیدەیی، هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمر دەزانی، کەسایەتی کۆمەڵایەتی دیاری دەڤەری بارزان و مرۆڤێکی پڕ بڕوباوەڕو یەکێک لە مرید و دەرویشی ڕێبازی بارزانیی نەمر بوو،هەموو تەمەنی پڕ بوو لە تێکۆشان و پڕسەروەری، ماوەی چەند ساڵ لەبەر خەبات وقارەمانیەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 87 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. پرسە لە قەزای مێرگەسۆرە.

پرسە و سەرەخۆشی

بۆ بەڕێز کەمال حوسێن

بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ئامین)ی دایکتان کە دەکاتە دایکی شەهید حەسەن حوسێن)مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان پێشکەشی خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین. خوا سەبوریتان بدات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

خەبات

وەزیری پەروەردە لەگەڵ بەرپرسی هۆبەکانی توێژەران کۆبوونەوە



ڕێکەوتی 20/1/2019 د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە پێشوازی کرد لە بەڕێوەبەری توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە دیوانی وەزارەت و بەرپرسی هۆبەکانی توێژەران لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، کەرکوک، گەرمیان، لەدیدارەکەدا وەزیری پەروەردە تیشکی خستەسەر گرنگی ڕۆڵی توێژەران لە پرۆسەی پەروەردە و چەند ڕاسپاردەیەکی پێشکەشکرد بە مەبەستی گەشەپێدانی زیاتری بواری ڕێنماییکردن. لەکۆتاییدا ستافی توێژەران سوپاسی وەزیری پەروەردەیان کرد بۆ پشتیوانی کردنی بەردەوامی بەڕێزیان بۆ کارەکانی توێژەران.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تونێلی دەربەندیخان دادەخرێت



خەبات ـ سەربە یوسف: بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە ئەمڕۆوە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تونێلی دەربەندیخان دادەخرێت. لەوبارەوە، نەقیب ڕێژەن بورهان، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی دەربەندیخان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لە ئەمڕۆوە 2019/1/21وە بۆ ماوەی 3-4 ڕۆژ تونێلی دەربەندیخان دادەخرێت، بەهۆی ئەوەی لەلایەن شارەوانی دەربەندیخانەوە، چاکسازی لێدەکرێت.

گوتیشی: شۆفێران و هاوواڵتیان دەتوانن ڕێگای سەر شاخی بەرانان بۆ هاتوچۆکردن بەکاربهێنن و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگە بە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێک دەدرێت بە مەرجێک بتوانێ بە ئاسانی و سەلامەتی لەسەر شاخ تێپەڕێت. نەقیب ڕێژەن ڕاشیگەیاند: ڕێگەی سەر بەنداوەکەش داخراوە و هاتووچۆی تێدا ناکرێت.

تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانی نیوە ساڵ لە قوتابخانەکانی کەرکووک دەستی پێکرد

خەبات ـ ئارام شێرکۆ: ڕۆژی 2019/1/20 لە سەرجەم قوتابخانەکانی شاری کەرکووک تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانی نیوە ساڵ دەستی پێکرد، بە چاودێری بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی سەرپەرشتیاران لە پاش تەواوبوونی کورسی یەکەمی خوێندن لە لایەن مامۆستایان قوتابیانەوە.

سەرجاوەیەک لە هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک و خوێندنی کوردی گوتی: دوای کۆتایی هاتنی کۆرسی یەکەمی خوێندن، بە بەشداریی 35 هەزار و 855 قوتابی قۆناغی ناوەندی ئاماەبیی یەکەمین ڕۆژی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ دەستی پێکرد. سەرچاوەکە گوتیشی: بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی بە یاوەریی سەرپەرشتیاری یەکەمی دواناوەندی و هۆبەی ڕاگەیاندنی خوێندنی کوردی، سەردانی ئاماەیی شۆڕبجەی کوڕان دەکات.

لە کۆیە 200 خۆبەخشی کەرتی تەندروستی بایکۆتی دەوامیان کرد

خۆبەخشانی نەخۆشخانەی گشتیی شەهید دکتور خالیدی کۆیە دوێنێ یەکشەمە لە گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی دەکەن دامەزرێن و ساڵەکانی کارکردنیان بە خزمەت بۆ ئەژمار بکرێت.

توانا تەیفوور، خۆبەخش لە بەشی تیشکی نەخۆشخانەی دکتۆر خالید بو باسنیوز گوتی: ئێمە نزیکەی 200 خۆبەخشین لە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید و بنکەکانی دیکەی سنووری کۆیە، بڕیارمان داوە بایکۆتی هەموو بەشەکانی نەخۆشخانەکان بکەین و داوا دەکەین دامانمەزرێنن و ئەو چەند ساڵەی کارمان کردووە، بەخزمەت بۆمان ئەژمار بکرێت. گوتیشی من سێ ساڵە خۆبەخشم و مافی خۆمانە دامەزرێین.

توانا تەیفوور جەختیشی کردوە: تا وڵامان نەدرێتەوە، دەوام ناکەین و ئەمەش زیانی زۆر بەر نەخوش دەکەوێت، چونکە ئێمە هەموو بەشەکانمان پڕ کردۆتەوە.

بێخاڵ ئەحمەد کچە خوبەخشێکی دیکەی نەخۆشخانەی دکتۆر خالیدی کۆیە دەڵێت: مافی خۆمانە دامەزرێن و لەگەڵ ئەوەش کاری خۆبەخشی دەکەین سووکایەتیمان پێدەکەن و بڕیارێک هاتووە دەڵێ: نابێت خۆبەخشەکان لەناو نەخۆشخانە نان بخۆن، هەرچەندە ئێمە لێرە نان ناخۆین، بەڵام ئەو بڕیارە بۆچی؟

لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی چەکدامالێن بەڕێوەدەچێت



دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی نیشتمانی بۆ دامالێنی چەک لە مالان و کۆلان و شەقام کۆنترۆڵکردنی دیاردەی چەک هەڵگرتن و نەهێشتنی بازاڕی چەکفرۆشان ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکدا دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایگەیاندووە: بە هەستکردن بە پاراستنی گیانی هاوواڵتیان و وەک بەشێک لە ئەرکی خۆمان لە هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیان لە دیاردە و پیشێلکارییەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانی هاوواڵتیان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و دوور لە تونددوتیژی و شەڕ و تاوان، بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی تەقەکردن و تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن کە ماوەیەکە ڕۆژانە بە بەرچاوی هەمووان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ڕۆژ نییە گوێ بیستی هەواڵێکی نەخوازراو نەبین کە ڕووداوێک ڕوو دەدات، لە دەرەنجامی بوونی چەک لە دەستی هاوواڵتیان و لە ماڵ و بازاڕەکان و بە ئاسان دەست دەکەوێت، ئەمەش نیگەرانی لای تەواوی هاوواڵتیان دروستکردوە و تەنانەت بۆتە مایەی دڵەڕاوکێ و کاریگەری بۆسەر ئاسایشی خێزان و کۆمەڵگە هەیە بەهۆی زۆربوونی جۆری تاوانەکان و ئەو حاڵەتانەی دەبێتە مایەی لەدەستدانی مرۆڤەکان بە چەک لەسەر بابەتی زۆر بچووک و سەیر و نەگونجاو و دوور لە بەها و نەریتی گشتی .ئەوەش تەنها هۆکار بوونی ئەو چەکانەیە لەدەستی هاوواڵتیان و بەکارهێنانی لەکاتی بوونی شەڕ و کێشەکان و دووکەوتنەوەیە لە پەنابردن بۆ دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەی دەستەی مافی مرۆڤدا هاتووە: لەو سۆنگەوە دوای دوو ساڵ لە هەوڵی بەردەوامی دەستەی مافی مرۆڤ بۆ ئەو بابەتە و بلاوکردنەوەی ئامارەکان لەسەر ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن و تەقە کردن، هەروەها پێشکەشکردنی چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدار و دەزگا ئەمنییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی چەکداری و داخستنی بازاڕەکان، سەرەڕای ئەوەی چەند ڕێکارێک خرایەڕوو جێبەجێکران، بۆ کۆنترۆڵ کردنی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان بەدانانی خاڵی پشکنینی هاوبەش و گەڕان بەناو کافتریا و چایخانەکان و چاودێری کردنی بازاڕەکان، بەڵام بەداخەوە ماوەو کاتی بوونی ئەو هەڵمەت و هەوڵانە وایکردووە کە دوای ماوەیەک حاڵەتەکە ئاسایی بێتەوە دووبارە چەندان حاڵەتی تەقەکردن و شەڕکردن بەچەک دەبیستێن و ڕوو دەدەن.

دەستەی مافی مرۆڤ لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاشکرای کردووە: لە ڕۆژی یەکشەمە 2019/1/20وە هەڵمەتێکی نیشتمانی ڕادەگەیەنین بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی چەکداری و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی چەکفرۆشی. لێرەوە داوا لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین هاوکاربن لەماوەی ئەو 15 ڕۆژە بەرنامەی تایبەت ڕێکبخەن لەسەر مەترسییەکانی چەک و دروستبوونی کۆمەڵگەی چەکداری و بوونی چەک لەماڵەکان، هەروەها داوا دەکەین مامۆستایانی ئایینی و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەشداربن لەو هەڵمەتە بۆ نەفرەت کردن لە چەک و دیاردەی چەکدارو بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و شارستان و دوور لە تونددوتیژی و کوشتن و هەواڵی جەرگبڕ و ناخۆش و گۆڕینی وێنەی پڕۆفایلەکان بۆ دژە چەکداری.

نەخۆشییەکە قابیلی چاکبوونەوەیە و زۆرجار بێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرەێک نەخۆشەکە چاکدەبێتەوە

دکتۆر فەرهاد محەمەد: دەردەڕێوی نەخۆشییەکی گواستراوە نییە و لە کەسی تووشبووەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر



ئا-وریشە عومەر

دکتۆر فەرهاد محەمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست دەربارەی نەخۆشی دەردەڕێوی لەوانی تایبەتی خۆی نووسیویەتی: دەردەڕێوی یەکێکی تیرە لەو نەخۆشیانەی پێست کە بەهۆی سیستەمی بەرگری لەشەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و مووی سەر یان هەر بەشێکیتری لەش بەشێوەی بازنەی هەڵدەوەرێ و پێستەکەی ژێرەوەی بەساف و لوسی بێ گرێ و برین ئەکەوێتە دەر ئەم نەخۆشیە زۆر بەخێرای دەردەکەوێ وبەزۆری لە قژی سەرو برۆ و ریش وسمێڵدا روو ئەدات، بەڵام لەهەر بەشێکی تری لەشیش دەکرێ رووبداو هەندێ جار هەموو مووی سەرەوەیان هەموو مووی لەشیش بە تەواوەتی دەڕوێتەوە و موو بەلەشی مرۆڤەکەوە نامێنێ شایەنی باسە ئەم نەخۆشیە گواستراوە نییەوە لەکەسی توش بووەوە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، بەڵام نەخۆشیەکی بۆماوەیی و لەباوانەوە ئەگەری گواستنەوەی ئەو جینانە هەیە کەبەرپرسن لەنەخۆشیەکە بۆ وەچەکان، بەڵام مەرج نییە هەموو کات بگوازرێتەوە ئەم نەخۆشییە قابیلی چاکبونەوەیەو زۆرجار بێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرەێک لە ماوەی مانگێکدا نەخۆشەکە چاکدەبێتەوە، بەڵام هەندێجاریش تەنانەت بە وەرگرتنی چارەسەری قورسیش نەخۆشەکە چاکنابێتەوەو موەکە بۆ هەتاهەتایە هەڵدەوەرێ وپێستێکی ساف و بێگرێ و برین بەجێدێڵێ، ئەو کەسانەی لەتەمەنێکی منداڵی زۆر زووەوە توشی ئەم نەخۆشیە ئەبن و ڕووبەرێکی فراوانی قژیان تۆش دەبێ عادەتەن درەنگتر چاک ئەبنەوە و مەترسیان زیاترە لە گەورەکان و لەو کەسانەی تەنها پەڵەیەکی بازنەی لەقژیان ئەڕوێتەوە چارەسەری ئەم نەخۆشیەش بەبەکارهێنانی ستیرۆیدەکانە بە شێوەی دەرزی کە دەبێت لە لایەن پزیشکەوە بەکاربێت وکەسی ناشارەزا ئەوە دەرمانانە نابێت بەکاربێنێت چونکە ستیرۆیدەکان چەن سودبەخشن بۆچارەسەری بەشێک لە نەخۆشییەکان ئەوەندەش زیانبەخشن و مەرسیدارن بۆ پێست و بۆ لەش بەگشتی ئەگەر بەخراپی بەکار بهێنرێن.

کاریگەریی خواردنی رژێمی خۆراکی رووەکی و کەمکردنەوەی مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵ




ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە ، بەکارهێنانی رژێمی خۆراکی بە گشتی رووەک دەبێتە هۆی پاراستنی سەلامەتی دڵ. توێژەرانی زانکۆی ئایسان لە نیویۆرک لەو توێژینەوەیە پێنج جۆر رژێمی خۆراکییان هەڵسەنگاند.

ئەوان بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە بە گشتی رژێمی خۆراکی رووەکییان بەکارهێناوە لە ماوەی چوار ساڵ توێژینەوە، بە ڕێژەی 42 لە سەدا کەمتر لە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دا بوون.لەو بارەیەوە دکتۆر " کیلا لارا"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە ،لەو بارەیەوە گووتی: بەردەوامبوون لە خواردنە چەورەکان لەگەڵ خواردنە رووەکییەکان و میوە و ریشاڵی و کەم چەوریەکان ئەنجامدا و دەرکەوت کە رژێمی خۆراکی تەندروست دەتوانێت ڕێگری لە گرژبوونی و گیرانی خوێنبەرەکان کە هۆکارن بە جەڵتەی دڵ و میشک بگرێت.

زانستی لە سەر 15 هەزار و 500 کەسی تەمەن45 ساڵ بە سەرەوە کە تووشی نەخۆشی دڵ نەبوونەوە ئەنجامدا.

هەروەها بەراوەردێکیان لە سەر کاریگەری رژێمی خۆراکی " گۆشتی سوور، پاستا ، پەتاتەی برژاو شیرینی و مادده کحوڵییەکان و

سوود و تایبەتمەندییەکانی ئەو مۆبایلانەی کە دەنوشتێنەوە



لێکسپای کە یەکێکە لەو مۆبایلانەی دەنوشتێتەوە، کە لە لایەن کۆمپانیای رژیۆڵ دروستکراوە، خاوەنی شاشەیەکی بەهێز و خۆڕاگرە و توانای نوشتانەوەی تەواوی هەیە.

بەپێی هاواڵێکی وێبسایتی سکای نیوزی ئینگلیزی، کۆمپانیای ڕژیۆڵی ئەمریکی خاوەنی بیرۆکەی ئەم مۆبایلەیە کە دەتوانرێت وەکو کیفی پارە بنوشتێنەوە، مۆبایلەکە بە ئاسایی و بە نوشتاوەیی کار دەکات و بە هەردوو شێوەکە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت. مۆبایلەکە خاوەنی شاشەیەکی ٧,٨ ئینچییە کە بە کراوەیی وەک تابلێتێک دەردەکەوێت، سیستەمی ئەندرۆید بەکاردەهێنێت و خێراییەکی باشی هەیە.گرفتی سەرەکی مۆبایلەکە گەورەیی و ئەستوریەکەیەتی، بە ڕێژەی ٥٠ %لە ئایفۆن ئێکس ماکس گەورەترە، نرخی مۆبایلەکە لە هەزار و ٣١٨ دۆلارەوە دەستپێدەکات بۆ هەزار و ٤٦٩ دۆلار. بڕیارە ئەم موبایلە نوشتاوەیە لە کاتی بڵاوکردنەوەی رابگەیەنرێت و لە (مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨)وە بخرێتە بازارەکانی جیهانەوە.لەپاش چەندین ساڵ لە پێشخستنی بەردەوامی مۆبایل، پێدەچێت نزیک بین لە بازدانێکی تەکنەلۆژی گەورە لەو ڕوانگەیشەنەی جیاواز بکەیتەوە لەسەر مۆبایل لەیەک کاتدا.

3- کامێرای باشتر: سامسۆنگ زۆر شتی ئاشکرا نەکردووە لەبارەی کامێرای مۆبایلەکەی، بەڵام هەندێک لە دەنگۆیەکان دەڵێن کە هەردوو ڕوناکە یەک کامێرایان دابێت، ئەمەش واتا کامێرای باشتر و بەهێزتر دەبینین بەهۆی ئەوەی تەنها لە یەک لای مۆبایل کامێرا هەیە بۆیە هەموو توانایان لەو کامێرایە دەخەنەگەڕ.

4- ئەگەری کەمتر لە شکانی ڕونا: مەرج نیە ڕونا نوشتاوەکان 100% دووربن لە شکان، بەڵام بەسروشتی خۆی زۆر نەرم دەبێت، ئەمەش واتا ئەگەری شکانی زۆر کەم دەبێت بە راوورد بە وڕونا ئاساییەکان.

5- هەڵبژاردەی زیاتر بۆ بەکارهێنەران: لەگەڵ پێشکەوتنی زۆری مۆبایلەکان، بەڵام جیاوازی نێوان نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تری پێشکەوتوی مۆبایل تەنها لە ڕونا و بیرگەی کاتی و کامێرایە، بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرە مۆبایلانە شتی زۆر نوێ و باشتر دێنە ئاراوە.

ئەتەکێتی جل پۆشینی پیاوان



ئا/رەسول سالح:

فۆرمال: لە بۆنە فەرمییەکان، دیدارە تایبەت بە پێشکەشکردنی کار، پێشوازیکردنی پرۆتۆکۆلی، سەردان بۆ دەرەوەی وڵات وەک شاندی فەرمی و سێ ڕەنگ لە خۆی دەگرێت: ڕەش، شینی تۆخ، ڕەساسی. بۆینباغ دەبێت یەک ڕەنگ بێت و ئەگەر تێکەڵاو بوو ، ڕەنگەکانی زۆر و بەچاو نەبێت. با کراسەکەت یەک ڕەنگی بێت و لەگەڵ ڕەنگی قاتەکەت بێت و ئەو کراسانەی کە ڕەنگی یەخە و کراسەکە وەک یەک نین قەغەدەیە. گۆڕەوەی ئەبێ لە ڕەنگی پێڵاوە یا لە ڕەنگی قایشی کەمەر بێت. پێڵاوەکان ڕەشی سادە و بە بێ قەیتان بێت. ئەم ئێکسسواراتانە: کاتژمێر، حەلقەی پەنجە، دەمبوزی بەستانی بۆینباغ، دوکمەی جل، پارەی ئاسن، قایش، مۆبایل، عەینەک، نابێت ژمارەیان لە 13 دانە زیاتر بێت و تەنیا دوکمەکانی قات هەر دووانی بەرامبەر یەک بە یەک دانە ئەژمار دەکرێن.

نیمچە فەرمی: زۆربەی بابەتەکان وەک فەرمی وایە تەنیا هەندێکیان نەبێت، قات قاوەیی بێت، پێڵاو قەیتانی هەبێت، بۆینباغ نەبەستیت و لە هەندێک بۆنەی نیمچە فەرمی بەکاردەهێندرێن وەک نانی خواردنی تایبەت بە کار، ئاهەنگی سەری ساڵ، میوانداری، ئاهەنگی خوتوبە و ژن گواستنەوە.

کاجوال جلوبەرگی ئاسایی کە ڕۆژانە دوای کاری فەرمی دەپۆشین: پانتۆڵی جینز، تیشێرت و کراسی بۆ دوکمە، پێڵاوی وەرزشی و لە جلد دروست نەکرابێت.

نیوە کاجوال: هەر وەک کاجوال وایە جگە لەوەی کە پێڵاوی چەرم لەگەڵ پانتۆڵی جینز یا کراس لەگەڵ پانتۆڵی جینز لەبەر دەکەیت.

بەکارهێنانی پرۆگرامی Google Maps بەبێ هێڵی ئینتەرنێت



هەردەوان نەقشبەندی:

بەرنامەی Google Maps بۆتە باشترین ئەپلیکەیشن بەلای ملیۆنان کەسەوە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی جێی مەبەستیا ،ن ئەمەش بووە جێگرەوەی ئەپلیکەیشنەکانی Hereی نۆکیا و Apple Mapsی ئەپڵ. بەڵام ئەم ئەپلیکەیشنە پشت بەئینتەرنێت دەبەستێت و ئەمەش گرفت بۆ زۆر کەس دروست دەکات بەتایبەت ئەوانەی لەمۆبایلەکانیانەوە بە Data Package داخڵ دەبن.بۆیە دەتوانیت ئەم فیلمە بەکاربهێنیت بۆ بەکارهێنانی بەبێ ئینتەرنێت. تەنیا دەبێ بچیتە ئەو شوێنەی دەتەوێ لێی بگەڕێیت ئینجا بنووسیت Ok Maps و کلیکی سێرچ بکەیت. ئەوکات تێبینی دەکەت کەنەخشەی گوگل شێوەی لاکێشەیی وەرگرتووە و شوێنی تۆی لەسەر نەخشەکە دیاریکردوە و دووگمەیەکی تایبەتی بە Download هەیە کە دەتوانیت دواتر داونلۆدی بکەیت.بەو جۆرە دەتوانیت بۆ هەرکوێ ڕۆیشتی بەپێی شوێنەکە داونلۆدی بکەیت و بەکاری بهێنیت بەبێ ئینتەرنێت.

بۆچی غاز گران بوو..؟ چۆن و کەی چارەسەر دەکرێ..؟

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: کێشەی کەمی غاز کاتییەو لە هەوڵی چارەسەرکردنیداین

لە هەولێر نرخی یەک بوتڵە غاز گەیشتە 13هەزار دینار



بەدواداچوونی/ فاتیح بەرزنجی

ماوەی چەند ڕۆژێکە نرخی غازی ماڵان گران بووەو نیگەرانی هاوواڵاتیانی لێ کەوتۆتەوەوهاووڵاتیانیش داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە تازووە چارەسەری کێشەی گرانی غاز بکەن لەبەرئەوەی ئەو ئوتومبێلانەی کە غازی حکومی دەفرۆشن ماوەی سێ ڕۆژە دیارنین و نرخی غازی بازرگانیش گرانەوڵە نێوان (10-13) هەزار دینارەو نرخی غازی حکومی بە حەوت هەزارو پێنج سەد دینارەوبەپێی گوتەی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت:



هەیەلە هەولێر هێشتا نرخی غاز گرانە خۆ دەبی ئەو کارگە ئەهلیانە شانبەشانی کارگەی غازی حکومی کار بکەن تا نرخی غازی شل گران نەبێت.

دواتر خاوەنی کارگەیەکی غاز گوتی: ئێمە وەکو کارگەی غازی ئەهلی ڕۆژانە خزمەتی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان دەکەین و ڕۆژانە نزیکەی دە هەزار بوتڵە غازی حکومی دەخەینە بازاڕەوە جگەلەوەش کارگەی غازی هەولێریش ژمارەیەکی زۆری بوتڵە غاز دەخاتە بازاڕ تا هاووڵاتیان بێ غاز نەبن لەوەرزی زستاندا غاز زۆر سەرف دەبێت ئەویش لەبەر سۆپای غازەو کێشەی کەمی کارەبای نیشتیمانی وای کردووە کە ڕۆژانە غازێکی زۆر سەرف بێت نرخی غازی حکومی بە حەوت هەزارو پێنج سەد دینارەو نرخی غازی بازرگانی بەرز بۆتەووەو نرخی غاز لەنێو کارگەی حکومی لەناو کارگەکە بە شەش هەزارو پێنج سەد دینارەبۆ ئەوانەی کە بەشێوەی بازرگانی لەنێو کارگەکان غاز دەکڕن بە حەوت هەزارو پێنج سەد دینارەو لەبازاڕەکانیش نرخی غاز لەنێوان 10هەزار بۆ 12هەزار دینارەو غازی حکومی نرخەکەی کەمەو کەس گلەیی لێ ناکات دیارە ئەو کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیای دانا غاز کێشەیەکی هەیەو هەولێش دەدەین کە نرخی غاز گران نەکەین لەسەر هاووڵاتیان.

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر خەریکی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەین

دواتر سەبارەت بەوبابەتە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر ڕوونکردنەوەیان هەبوو لەمبارەیەوە نەبەز عەبدولحەمید قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕونیکردەوە: دیارە کارگەی غازی هەولێر لە ژێر سەرپەرشتی پارێزگای هەولێرو خودی پارێزگاریشلە نزیکەوە چاودێری ئەو بابەتە دەکات ئەویش لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کۆمپانیای دانا غاز تا کێشە دروست نەبێت و ڕێگەش نادرێ کێشە دروست بێت لە هەولێ پرکردنەوەی ئەو بۆشایی چەند ڕۆژە دەدرێت بەزووتریت کات شایانی باسە کۆمپانیانی دانا غازغازی شل بۆ هەموو شارەکانی کوردستان دابین دەکات و پشکی هەولێر بریتیە لە 15تەنکەری (19) تەنیە بەڵام ئێستا تەنها 12 تەنکەر غازی شلە و دەکاتە(228) تەن غازی شل بۆ شاری هەولێر ڕەوانە دەکرێت لێرەوە بە هاووڵاتیانی ڕادەگەیەنێنین ئەو کێشەیە کاتییەو بە زووترین کات چارەسەری دەکەین بەپێی ئەو گرێبەستەی کە هەیە وا پێویست دەکات کە (15تەنکەر غازی شل بێت بەڵام لەبەر هەبوونی کێشەیەک دانا غاز ڕۆژانە 12تەنکەر ڕەوانە دەکات بۆ هەولێر و ڕۆژی هەینیش ئەو بڕە نەهاتووە هەربۆیە ئەوەش کاریگەری هەبووە بۆ سەر بەرهەم هێنانی غازو هەوڵەکانی پارێزگاری هەولێر بەردەوامە تا بە زووترین کات کێشەکە چارەسەر بکرێت و نرخەکەشی دادەبەزێت و بارو دۆخەکەش ئاسایی دەبێتەوەو پێویست ناکات هاووڵاتیان ئاوا زوو نیگەران بن دیارە دانا غاز غازی شلی لە کارگە ناوخۆییەکان بڕیوە بۆیە ئەوەش کێشەی کەمی غازی دروست کردووەو بەزووترین کات چارەسەر دەبێت دواتریش ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ گوتی: لیژنەکە هەمیشە لە خزمەتی ئەواندایە بۆ ئەوەی نرخی غاز بە نرخێکی گران دەفرۆشن و کار بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی نزم بوونەوەی نرخەکەش دەکەین و ئەوانەی کە بە نرخێکی گران غاز دەفرۆشن دەست بەسەر ئوتومبێلەکەیدا دەگرین و سزای مادیش دەکرێن ئەوانەی کە نرخی غاز گران دەکەن هەڵمەتیش بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت و هەڵمەتەکە ڕاستەوخۆ بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندی دەبێت بەهاوکار بەشی پۆلیسی شارەوانی و هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە ئێمە هەمیشە لە خزمەتی ئەواندایین.

ئاگر لەڕێڕەوی ئەفسانەو مێژووی کۆندا



و: کەمال نوری مەعروف

وشەی ئاگر، لەئاوێستادا (ئاتەر)ەو لەپەهلەویدا (ئاتور) و (ئاتەش) و لەپارسیدا (ئازەر) و (ئادەر) و لەزاراوە جیاجیاکانی تریشدا (ئاتیش) و (تەش) بەدەستەوە دەدات.

ڕەگو ریشەی ئەم وشەیە لەسانسکریتدا (ئادەر)ە، کە بەمانای مەشخەڵ دێت، ناونیشانە بۆ سیفەتی خاوەندی ئاگر، کە بە (ئاگنی) ناوی هاتووە.

ئەوە گرنگترین داهێنانی زیندووی مرۆڤ بووە، بەتایبەتی لەناوچە ساردەکاندا، کە بۆ یەکەمجار گەلان بەشێوەی جۆراوجۆر ئاشنای ئاگر بوون، ئەوەش لەداستانەکانیٔ ئەفسانەکانی پێشووەدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەوجۆرە هەندێک لەو ئاگرانە بەشێوەی بروسکەی ئاسایی لەئاسماندا دیویانەو دەربڕینیان لێکردوون.

بەشێکی تر لەوانە بەشێوەی گڕی بەکۆمەڵ لەبەردی ئاسمان ڕاڤەیان لێکردوون، بەوەی لەوێوە هاتووەتە خوارەوەو بەزەوی گەیشتووە،

هەندێکی تر لەڕێگای گڕکانیٔ گازی مەشخەڵدار پێی ئاشنا بوون. بەهەرحاڵ ئاگر لەو توخمانەیە کە لەسروشتدا بەدەستمان گەیشتووەو ئاشنا بەگەلانی کۆن لە ئەشکەوتەکاندا بووەو پارێزگارییان لێکردووە.

ئەم توخمە کە لەناو چوار توخمدایە: (ئاو، با، ئاگرو خاک) ئەمیان لەشێوەدا جوانترینیانە و لەکۆنەوە بووەتە سەرچاوە لای نەتەوەکانیٔ سوودی گەیاندووە. لەئاینەکانی ئاریاییداو هەتاکو لەناو عەشیرەتەکانی بتپەرستیشدا لەئەفریقا، ئاگر خاوەنی کەسایەتیٔ گرنگیدانی تایبەت بەخۆی بووە.

لەئێراندا پەیدابوونی ئاگر بەپێی باسی شاهنامە، دەیخەنە پاڵ (هۆشەنگ)، ئەو ڕۆژێک بۆ ڕاو دەردەچێت، لەسەر ڕێگاکەی ماریک دەبینێت. کە ئەو جانەوەرە هەتاکو ئەو ڕۆژگارەش ناسراو نەبووە. بۆ کوشتنی بەردێکی تێدەگرێت بەقەسەی (فیردەوسی) ئاگری لێدەبێتەوە. (هۆشەنگ) شوکرانە پێشکەش دەکات، کە ئەم تیشکە یەزدانییە.

ئەو ڕۆژە کراوەتە جەژنیٔ هەموو ساڵێک لەو ڕۆژو شەوەدا ئاگر ڕوناکی داوە.

بەشێکی تر لەئەفسانەکانی ئێران، دەرکەوتنی لەسەرخۆی ئاگر بەوجۆرە دەگێڕنەوە لەنزیکەوە دەیبەستنەوە بەرووەک. لەخەیاڵی گەلانی هیندو ئێرانیشدا وایان داناوە کە ئەو گەلانە، پەیدابوونی ئاگر لە لێکدانی دوو پارچە دار لەیەکتری بەدەست دەهێنرێت.

لەسەردەمە کۆنەکانیشدا، ئاگر لای تایەفەکانی هیندو ئەوروپایی ڕێزیان لێناوەو لایان پیرۆز بووە، لەبەرئەوەی یەزدانییە. هیندییەکانیش ئاگریان بەکوڕی خواوەندی ئاسمان داناوە. وا ڕاڤەیان لێکردووە کە لەئاسمانەوە بۆ زەوی ئاگری هێناوە.

لەئاوێستادا ئاگر، کوڕی ئاهۆرا مەزدایەو زەویش کچی پەروەردگارەو ئەوی ناسیوە. ئەو ڕەگەزانەش لەمرۆڤی ناپاکیٔ جانەوەرەکان، دوورخراونەتەوەو شەوانەش هێرشیان بردۆتە سەر ڕوناکی شوێنی حەسانەوەی مرۆڤە پاکەکان. هەر بەوجۆرە ئاگر ناونیشانە بۆ نێردراوێک لەنێوان خواوەندەکان مرۆڤدا کە سەرچاوەی ڕێزلێنانە بۆی. لەو لایەنەوە هەربۆیە لەئێراندا دیمەنی ئەو خواوەندەو مەشخەڵەکەی یاد دەکرێتەوەو تیشکەکەشی بەخواوەند دەخوێنرێتەوە، کە مەشخەڵی پیرۆزەو بەدارو گوڵاو پرژێن لەپەرستگاکانی ئاگردا هەموو کات دەکرێتەوەو دەرەوشاوەیەو بۆ بەردەوامبوونی سەردانی دەکەن، ئەمەش ڕێزلێنانی تایبەتە بۆ قایل بوونی.

ئاگردانی دەرەوشاوە لەپەرستگاکاندا بەمەرتەبەی میحراب دێت لای پەیڕەوانی (مەزد یەسنا).

یەکێک لەو بەڵگانەی ڕێز بۆ پەرستنی ئاگر دانراوە، ئاوە، کە مانای لەدایکبوونی ژیانەو زانیارییان لەسەری بووەو پێی باوەڕدار بوون، لەگەڵ بوونی هەمە چیزەی تریش کە پێوەی وابەستە بوون.

لەئاوێستادا پایەی بڵندو گەورەیی لەتەرەفی ئاهۆرامزداوە تایبەتە بەپێغەمبەر یان بەپاڵەوانەکەی بەخشراوە. لەمەزدیەسناشدا عادەتەن هەیە کە زەردەشت ئاگری نەمری پێدراوە.

بەقەولێکی وردتر (5)بەش ئاگر لەئاوێستادا ئەژمار کراوە، هەریەکێک لەوانە بەجیا پارێزراون. نێردراوی یەکەم، ئاگری گەورەیە کە بەئاگری بارام ناسراوەو لەپەرستگاکانیدا ئاگردان هەن، دووەم ئاگری لاشەی جانەوەرەکانیٔ لاشەی ئادەمییەکان، کە ئەوانە بەگەرمای لەشیان دەربڕینیان لێکردووە، سێیەمین ئاگر ڕزگاربوونە لەدارو گژوگیا، چوارەمین ئاگر، ئاوی ڕۆشتووە کە هەمان هەورە بروسکە، یان ئاگر لەکۆتەڵەکەی بەر بووەو بڵاوبووەتەوە، پێنجەمین ئاگر هی تەختی نەمرەکانە کە ڕووی لەئاهۆرامزدایە.

بەوجۆرە وایان داناوە، ئاگر، تەواوی ئەو شتانەی هەنیٔ لەدایکبووی سروشتن بەو مانایە گەوهەری نەمری هەموو جانەوەرەکان مرۆڤن، هەر بەوشێوەیەش گەرمای دەرونیان غەریزەی جانەوەرەکان دەردەخات کە سەرچاوەیە بۆ بوونی هەڵسوکەوتی ئادەمی ڕەسەن لەبەردەم هەمان ئاگردا.

ئاگری مەعنەوی لەڕووەکەکان بردبووەکانیشدا بوونیٔ هەن، ئاگری بەهەشتیش هی پاسەوانەکانی نەمرین ئاگری پاکی زەویش، جانەوەران تاوانباران پیسەکان دەسووتێنێ.

لەجەژنەکانی ساڵداو لەئاهەنگ گێڕانەکانیاندا گرنگی ئاگر لەخۆیدا جارێکیتر دەردەکەوێت.

ئێرانییەکان لەو باوەڕەوە ڕێزی تایبەتییان بۆ ئاگر بووە، هەر ئەوەش بووەتە هۆکارێک بۆمانەوەی بەردەوامی لەناویاندا کە بەشێوەی خواوەند پەرستوویانە، یان ناسیونیانە، پاسەوانی ئاگریش پەیوەستە بەمانگی 2ی ئێرانییەوە.

وشەی ئازەر لە فارسیدا وێنەیەکی تری ئاگرەو یەکێکە لەکۆنترین ناوەکانی لەزمانەکانی ئاریاییدا کە ڕیشەی بووە. بۆئەمەش یەسنای (62) لەستایشکردنی (ئازەر) و ئاگر لەکاتی نزاکردندا تایبەت بەنوێژ، بووەتە نوێنەری ئاگرو بەو ناوە ناسراوە. لەناو ڕووەکەکانیشدا ڕەنگە ئاگرینەکان بەخواوەندی ئاگر ناسراون.

نۆیەمین مانگی ساڵ نۆیەمین ڕۆژی ئەو مانگەش هەر بەناوی ئەو خواوەندەیەو ئازەر ڕۆژیش لەو مانگەدا کراوەتە جەژنیٔ مرۆڤ لەپەرستگاکانی ئاگردا نزای بۆ کردووە.

سەرچاوە:
دکتر محمد جعفر یاحقی/ فرهنگ اساگیرو داستان وارەها در ادبیات فارسی/چاپ چهارم /1391 لا 16-20.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/1/21 ژمارە (5676)



پێش هەڵاتنی خۆری ئەمڕۆ، مانگگیرانی نیمچەیی لە هەرێمی کوردستاندا رووید‌ا

بەرەبەیانی ئەمڕۆ، دووشەمە 2019.1.21 یەکەم دیاردەی مانگ گیران لە ساڵی 2019دا رووید‌او بە شێوەیەکی نیمچەیی هەرێمی کوردستانی گرتەوە.

ئەمجارەیان جیا لەگەڵ حاڵەتەکانی پێشوو، مانگ گیرانە تەواوەکە لەکاتی بەرەبەیان بوو پێش هەڵاتنی خۆر، نەوەک سەر لە نێواوە لەدوای ئاوابوونی خۆردا، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر کەمی هاوڵاتیان دیاردەی ئەمجارەیان بینی.

مانگ گیران چیپە؟

لە ڕووی زانستییەوە مانگ گیران کاتێک ڕووەدات کە خۆرو زەوی و مانگ دەکەونە سەر یەک ڕاستەهێڵ و زەوی دەکەوێتە نێوان خۆرو مانگ، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کەوا تەنها لەکاتی 14ی مانگ یان لە کاتی پڕ بوونی مانگ کە ناسراوە بە مانگی تابان‌دا ئەو دیاردەیە ڕووەدات، لەوکاتەدا سێبەری (نیمچەو تەواو) ی زەوی دەکەوێتە سەر ڕووی مانگ و دیاردەکەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام کاتێک تیشکی خۆر بە زەوی دەکەوێت، ئەوا بەرگەهەوایەکەی دەبڕێت و دیاردەی شیبوونەوەی ڕووناکیی ڕووەدات بۆ حەوت ڕەنگە سەرەکییەکەی، وە لەبەر ئەوەی ڕەنگی سوور درێژترین شەپۆلی هەیە، بۆیە تەنها ئەو ڕەنگە وەک بڵێی ڕزگاری دەبێ لە بەرگەهەوای زەوی و یەکسەر دەشکێتەوە سەر ڕووی مانگ، بەمەش مانگ ئەو ڕەنگە سوورە سەرنجڕاکێشەی وەردەگرێت و بە پێچەوانەی پڕوپاگندەو ئەفسانەکان، ئەوا هیچ زیانێکی نییە بۆ ژین و ژیان لەسەر هەسارەکەماندا.

بەو پێیەی مانگ لەم گیرانەیدا دەکەوێتە نزیکترین خاڵ لە زەوی، بۆیە، بە قەبارەیەکی گەورەتر لە دەرکەوتنە ئاساییەکانی دیکە خۆی نیشان دەدات، کە ئەمەش ناسراوە بە دیاردەی (سوپەر مانگ Su-per Moon) و وادەکات دیمەنێکی دڵڕفێنتری لێ دەرکەوێ.

چۆن و بە چ ئاراستەیەک لە ئاسمانی کوردستاندا دەبینرێت؟

بە پێوانە فەلەکییەکان و بە پێی خولانەوەی مانگ بە دەوری زەوی و زەویش بە دەوری تەوەری خۆی، کاتژمێر 05:36:29ی بەیانی بەکاتی هەولێر، مانگ چووە نێو ناوچەی ناسراو بە (نیمچە سێبەر -Penumbra) ی زەوی، کە بریتییە لە ناوچەیەکی زۆرفراوانی سێبەری هەسارەکەمان لە بۆشایی ئاسمانیی دواوەی خۆیدا، بەڵام لەبەر تەنکیی ئەو سێبەرە، چاوی ئاسایی مرۆڤ هەستی پێناکات، بەڵام لە پڕۆسەی وێنەگرتندا کاریگەرییەکەی لەسەر ڕووی مانگدا دەردەکەوێت.

کاتژمێر 06:33:54ی بەیانی بەکاتی هەولێر، ئەوا سێبەری (نیمچە سێبەر) تا ئاوابوونی مانگی نیمچە گیراو لە ئاسۆی ڕۆژئاوادا.

بێگومان دانیشتوانی ناوچە دەشتاییەکان یان ئەوانەی کەوتوونەتە ناوچە بەرزەکان و هیچ بەربەستێکی سروشتی وەک چیاو گردو دارستان، یاخود دەستکردی وەک باڵەخانەو تەلارو خانوو لە ئاراستەی ڕۆژئاوایاندا نییە، هەڵی تەواویان هەبووە بۆ بینینی دیاردەکە تا پێش هەڵاتنی خۆر.

کەی دیاردەکە بە تەواوی کۆتایی پێدێت؟

بێگومان لێرە بە دواوە مەحاڵبوو لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کامێک لەو قۆناغانەی خوارەوە ببینرێت، چونکە مانگ لە ئاسۆی هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی ئاوابووەو خۆریش هەڵاتووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دیاردەکە بەم شێوەیە بوو:

کاتژمێر 07:41ی بەیانی بەکاتی هەولێر، مانگ گیرانی تەواو دەستپێکرد و لەو کاتەدا مانگ بە تەواوی چۆتە نێو سێبەری تەواوو تاریکی زەوی.

کاتژمێر 08:12، دواین ئاستی گیرانی مانگ بوو لەنێو سێبەری تەواوی زەویدا.

کاتژمێر 08:43، دواین ئاستی گیران کۆتایی پێدێت و مانگ وردە وردە خزایە دەرەوەی ناوچەی سێبەری تەواوی زەوی.

کاتژمێر 09:50، مانگ لە ناوچەی سێبەری تەواوی زەویدا دەرچوو و بەمەش دیاردەی مانگ گیرانی نیمچەییش کۆتایی پێهات.

کاتژمێر 10:48ی بەیانی بە کاتی هەولێر، مانگ بە تەواوی لە ناوچەی (نیمچە سێبەر) ی زەوی دەرچوو و تەواوی دیاردەکە کۆتایی پێهات.

جگە لە کوردستان، لە کامە ناوچەی جیهاندا بە تەواوی دەبینرا؟

ئەو ناوچانەی کە دیاردەکە لە دەستپێکەوە تا کۆتایی دەبینن بریتین لە تەواوی (ئەمریکای باکوورو ناوەڕاست و باشوور) و بەشێک لە باکوورو باشووری (زەریای هێمن) و زەریای (ئەتلەسی)، دورگەکانی (کەناری) و (گرینلاند) و (ئایسلاند) و (بەریتانیا) و (ئیرلاند) و (نەرویج) و کەنارەکانی (باکووری ڕووسیا).

ئەمساڵ چەند یاردەی دیکەی فەلەکیی ڕوودەدەن؟


خۆرگیرانی تەواو (Total Solar Eclipse) لە 2019.7.2، بەهیچ شێوەیەک لە هەرێمی کوردستاندا نابینرێت و تەنها ناوچەکانی باشوورو باکووری ئەمریکاو پانتاییەکی فراوان لە (زەریای هێمن) دەگرێتەوە.

مانگ گیرانی نیمچەیی (Partial Lunar Eclipse) لە 2019.7.17-16، کە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، لەگەڵ ناوچەکانی ئەمریکای باشوور، زەریای ئەتلەسی، تەواوی کیشوەری ئەفریقیاو ئەوروپاو ڕۆژئاواو باشووری ئاسیاو زەریای هیندی و ئوسترالیا دەگرێتەوە.

دیاردەی تێپەڕبوونی هەسارەی عوتارد بەرامبەر خۆر (Mercury Tran-sit) لە 2019.11.11، ئەمەش لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ، لەگەڵ ناوچەکانی باشوورو ڕۆژئاوی ئەوروپا، باشوورو ڕۆژئاوای ئاسیا، تەواوی کیشوەری ئەفریقیاو بەشی هەرە زۆری ئەمریکای باکووروباشوورو زەریای هیندی و کیشوەری بەستووی باشوور (ئەنتارکتیکا).

خۆرگیرانی ئەڵقەیی (Annular Solar Eclipse) لە 2019.12.26، کە لە هەرێمی کوردستاندا نابینرێت، بەڵام ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو زۆربەی ئاسیاو باکوورو ڕۆژئاوای ئوستراڵیاو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاو هەردوو زەریای هیندی و هێمندا دەبینرێت.

پلەی گەرمای زەریاکان خێراتر لە ئاستی پێشبینیکراودا بەرز دەبێتەوە



تیمێک لە پسپۆڕانی زانستی زەریاکان ئاشکرایان کرد، کەوا پلەی گەرمای زەریاکان بە شێوەیەکی زۆر خێراتر بەرز دەبێتەوە، زۆر زیاتر لەوەی کە پێشتر پێشبینی بۆکراوە بەڕادەیەکی ئەوتۆ کەوا لە ساڵی 2018 ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردووەو بە گەرمترین ساڵ بۆ زەریاکانی جیهان لە قەڵەمدراوە!

بۆ ووەدستهێنانی نوێترین داتا دەربارەی پلەکانی گەرمای زەریاکان، پسپۆڕان سوودیان لە 3900یەکەی پێوانەکردنی سەرئاوکەوتوو) کە تایبەتن بە تۆمارکردنی بەردەوام و نەپچڕاوەی پلەکانی گەرمای ڕووبەرێکی فراوانی زەریاکانی جیهان و لە ساڵی 2000وە لەنێو چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی زەریاکاندا دامەزراون و دوای شیکردنەوەی ئەو داتایانەو بەراوردکردنیان، دەرکەوت کەوا پلەکانی گەرمای زەریاکان، ئەوەی پێشتر لە ساڵی 1971وەرگیراوە، نزمتر بووە لەوەی تا ساڵی 2013 تۆمارکراوە، بەمەش پسپۆڕان زەنگی بەرزبوونەوەی مەترسیداری پلەکانی گەرمیی زەریاکانی جیهانیان لێداو مەترسی زۆرێشیان نیشاندا بۆ چارەنووسی مەترسیداری ژیانی ژێر ئاویی بە شێوەیەکی گشتی.

بەپێی (ڕێکەوتنی پاریس) ی ساڵی 2015، پێویستە 200 ووڵات لە ماوەی ئەم سەدەیەدا دەستبەردارییبەکارهێنانی نەوت بن وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکردنی وزەو ڕوو بکەنە سەرچاوەی (وزە نوێبووەوەکان) وەک جێگرەوەیەک لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەریی دیارەی (قەتیسبوونی گەرمیی)، بەڵام حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات بە پێچەوانەی ئەم ڕێکەوتنە بجوڵێتەوەو بواری بەرکارهێنانی نەوت وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی وزە زیاتر بکات و لە ساڵی 2020 تاکلایانە بەتەواوی لەو ڕێکەوتنامەیەدا بکشێتەوە.



یاری ڤیدیۆیی بۆتە نەخۆشییەکی جیهانی!

گومان لەوە دانییە لەوە سەردەمەی ئێستای پێشکەوتنی بواری گرافیکیدا، یاریە ڤیدیۆییەکان سەرنج ڕاکێشن، بەڵام ئایا بەکارهێنانی زۆری دەبێتە جۆرە ئالوودەبوونێک تا بگاتە ئاستی نەخۆشیی؟

(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەی لە سروشتی ئالوودەبونی یاری ڤیدیۆیی کردووە، هەروەها لەساڵی پاردا "پشێوی بەهۆی یاری ڤیدیۆ"یی لە لیستی کێشەکانی تەندروستی گشتیدا داناوە، ئەوەش بڕیارێکە چاوەڕوان دەکرێت لەمانگی 5ی داهاتوودا لەلایەن حکومەتی ولاتانەوە پەسەند بکرێت، ئەوەش کاریگەریی بۆ نموونە، لەسەر سیاسەتی چاودێری تەندروستی و بیمەی تەندروستی دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش (ویلایەتە یەکگرتەوکانی ئەمریکا) و (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) لە مانگی ڕابردوو لە (جنێف) تاوتوێی پرسەکەیان کردووە.

"بەهیواین لە ڕێگای گفتوگۆی بەردەوامەوە هاریکاری (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) بین بۆ خۆلادان لە گرتنە ڕێوشوێنی بەپەلە و هەڵەکردن کە چاکردنەوەی ڕەنگە چەندین ساڵی پێبچێت"، ئەمەش لە زاری (ستانلی بییێر لۆوی) سەرۆکی (کۆمەڵەی پرۆگرامی یاریییەکان). (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) ئەو پشێویە پێناسە دەکات کە یاریییەکانی ڤیدیۆ دەبێتە ئالوودەبوون و ژیانی کەسەکان بۆ ماوەی ساڵێک یان زیاتر سەرقاڵ دەکات و لەچالاکی دیکە دووریان دەکەونەوەو بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی یاخود زیاتر یاری دەکەن، جگە لەوەی ئاکامی مەترسیداری زیاتری دەبێت.

واچاوەڕوان دەکرێت حکومەتەکانی ولاتانی ئەندام لە (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) بەهاتنی ساڵی 2020ڕاپۆرت لەسەر یاریییەکانی ڤیدیۆیی ئامادەکەن، تابتوانێت دەرفەت لەبەردەم ڕێخراوەکە بکاتەوە بۆ بەدواداچوون بەشێوەی ئاماری ڕاست و دروست لەسەر ئاستی جیهانیدا.

سەرچاوە: VOA

سان جێرمان گەورەترین سەرکەوتنی لەخولە گەورەکانی ئەوروپا تۆمارکرد



یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی توانی بە ئەنجامی 9-0 گۆڵ لەیانەی گانگۆن ببات‌ەوە، لەو یارییەی لەچوارچێوەی گەڕی 21ی خولی فەرەنسا بۆ وەرزی 2019-208بەڕێوەچوو. یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی توانیویەتی لەم وەرزەدا تەڕو وشک بەیەکەوە بسووتێنێت، کە ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن و یاری تۆڵەی بوو لەیانەی گانگۆن دوای ئەوەی یانەی پاریسی لە خولی جامی یەکێتی فەرەنسا کردە دەرەوە لەدوای سەرکەوتنی بە ئەنجامی 2-1گۆڵ. گۆڵەکانی یانەی پاریس سان جێرمان لەلایەن کیلیان مبابپی 3گۆڵ کە کۆی گۆڵەکانی ئەم وەرزەی لەگەڵ یۆنێتل مێسی یەکسان بوو لەپێشبڕێکی پێڵاوی زێڕین، کە هەریەکەو خاوەنی 17 گۆڵن. هەروەها ئەستێرەی ئۆرگوایی ئادینسۆن کاڤانی هاتریکی تۆمارکرد و نیمار دا سێڵڤاش دوو گۆڵ و تۆماس مۆنییێش بەشی لەگۆڵێکدا هەبوو. ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنی یانەی پاریس سان جێرمان بوو لەنێوان هەر 5خولە گەورەکەی ئەوروپا کە تاکو ئێستا هیچ یانەیەک 9گۆڵی لەیەک یاریدا تۆمار نەکردووە، بەمەش کۆی خاڵەکانی یانەی پاریس سان جێرمان لەم وەرزەدا بۆ 53خاڵ بەرز بۆوەو پارێزگاری لەپێشەنگ کرد، یانەی گانگۆنیش بە 14خاڵ لەپلەی کۆتایی مایەوە.

ئارنۆڵد بۆندی لیڤەرپوولی تازەکردەوە



یاریزانی تەمەن 20ساڵ ئەلیکساندەر ئارنۆڵد کە دەرچووی ئەکادیمیای یانەی لیڤەرپوولە رایگەیاند کە بۆندی یانە سوورەکەی ئینگلیزی تا ساڵی 2024 تازەکردەوە، لەلایەن خۆیەوە ئارنۆڵد گوتی: زۆر دڵخۆشم بەنوێکردنەوەی بۆندەکەم، هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم بەو پێیەی پاڵپشتییەکی زۆری لەیانەی لیڤەرپوول لێدەکرێت، هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش پێشنیاری نوێکردنەوەی بۆندەکەیان خستە بەردەم. جێگای وەبیرهێنانەوەیە یاریزان ئەلیکساندەر ئارنۆڵدی تەمەن 20ساڵ دەرچووی ئەکادیمیای یانەی لیڤەرپوولە.

یاریزانێکی پێشووی بەرشلۆنە پەیوەندی بەیانەیەکی ژاپۆنی کرد

ماڵپەڕی ترانسفێر مارکێتی جیهانی رایگەیاند کە یانەی ساگان تۆسۆی ژاپۆنی بڵاویکردەوە کە یاریزانی پێشووی یانەی کاتەلۆنی ئیسپانی ئیسحاق کۆینکای بردۆتە ریزەکانی یانەکەی، کە پێشتر لەیانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی یاری دەکرد، دوای ئەوەی بە بۆندێکی ئازاد توانی بەخزمەتەکانی بگات، بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی بۆندەکەی لەگەڵ یاریزانی ناوبراو بڵاو بکاتەوە. بەمەش کۆینکا دووەم یاریزانی یانەی بەرشلۆنەیە پەیوەندی بەخولی ژاپۆنی بکات، کۆینکا یاری بۆ یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیاو گرناەی ئیسپانی و بۆرسا سپۆری تورکی کردووە، بەر لەوەی پەیوەندی بەیانەی هابوێل بکات کە لەهاوینی رابردوو بۆندەکەی هەڵوەشاندەوە. کۆینکا یاری بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی ئیسپانیا نەکردووە، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردەی خوار تەمەنی 23ساڵی رۆڵی هەبووە.



یویفا

تۆپی قۆناغی یەکلاکەرەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای نمایش کرد



یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا(یویفا) لە شەممەی رابردوو ئەو تۆپەی ئاشکراکرد کە لە قۆناغی یەکلاکەرەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یاری پێدەکرێت. یویفا لەسەر لاپەڕەی فەرمی خۆی وێنەی ئەو تۆپەی بڵاوکردەوە کە ڕەنگاورەنگە بەرەنگی سپی و پرتەقاڵی، لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی سپی سەرەکی، کەلەسەری نووسراوە (final madrid 2019)کە بەچاودێری کۆمپانیای ئەدیداسی ئەڵمانی بۆ پێڵاوو و جل و بەرگی وەرزشی و پێداویستییە وەرزشییەکان دروستکراوە. یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە 1ی حوزەیران لەسەر یاریگای واندا میترۆپۆلیتانۆی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەپایتەختی مەدرید بەڕێوەدەچێت. یاریییەکانی قۆناغی 16ی ئەم خولە لە 12ی مانگی داهاتوو دەست پێدەکات و تا 13ی ئادار بەردەوام دەبێت.

www.xebat.net
خەبات دوو شەممە 2019/1/21 ژمارە (5676)

دۆستە تازەکەی نەیمار هاندەری بەرشلۆنەیە



ئەستێرەی پاریس سان جێرمان نەیمار داسێلڤا پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کچە نمایشکاری جل و بەرگی بەرازیلی شۆخ و شەنگ برۆنا مارکیزینی تەمەن 23ساڵ هێنا کە لەبواری هونەرو نواندنیش کار دەکات و خاوەن ناوبانگێکی زۆرە. دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکەی ئەستێرەی بەرازیلی زۆر نەوەستاو جارێکی دیکە گەڕایەوە لای ئافرەتێکی دیکە، کە لەهاوینی 2017وە لەشاری خۆشەویستی و رۆمانسی پاریس ژیان بەسەر دەبات، مالپەڕی (لۆس سپۆرت (10ی فەرەنسی بڵاویکردەوە کە نەیمار دا سێلڤا لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگێکی دیکەی بەرازیلی کەوتە داوی خۆشەویستی کە ئەویش لیستیسیا بۆفۆنییە. لیتیسیا بۆفۆنی تەمەن 25ساڵ، کە یاریزانی پێشبڕکێی خزینی سەربەفرە، کە خاوەن ناوبانگێکی زۆری جیهانییە، دوای ئەوەی پلەی دوەمی پاڵەوانێتی جیهانی لەخزینی سەربەفر بەدەستهێنا. مالپەڕی ناوبراو رایگەیاند کە ناوبانگی لیتیسیا بۆفۆنی تەنها یارمەتی دەری نەبووە بۆ بەدەستهێنانی کۆمپانیای چاودێری قایمترکردنی پێگەی وەرزشی لەخزینی سەربەفرو سەهۆل، بەڵکو بۆتە جێگای گرنگی ئەستێرەی بەرازیلی نەیمار دا سێلڤا. هەمان سەرچاوە دەڵێت تاکە گرفتی ئەوەیە کە هاندەری یانەی بەرشلۆنەیە، کە نەیمار پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هاندەرانی نییە، دوای جێهێشتنی یانەی (بلۆگرانا) بەرەو یانەی پاریس سان جێرمان، لەبۆندێکی پێوانەیی بەبڕی 222ملیۆن یۆرۆ. پڕوپاگەندەکان داهاتووی نەیماری 26ساڵیان لەکەدارکردووە لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان، کە زۆربەی راپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن نەیمار لەکۆتایی ئەم وەرزە دەگەڕێتەوە یانەی پێشووی بەرشلۆنە، یاخود ریال مەدرید، کە ریال بەجێگرەوەی کریستیانۆ رۆنالدۆی دەزانێت. بەڵام ئایا پەیوەندی ئەگەڵ ئەم کچە هاندەری کاتەلۆنی دەبێتە هۆکاری بۆ گەڕانەوەی بۆناوکۆشکی بارسا؟.

نەهز روستایی

ژمارەیەکی نایاب بۆ نیکۆلۆ

ئەستێرەی ئیتاڵی لاو نیکۆلۆ زانیۆلۆ توانی گۆڵی یەکەمی یانەی رۆما بەرامبەر تۆرینۆ لەسەر یاریگای ئۆڵۆمپیکۆ تۆمار بکات، کە لەچوارچێوەی گەڕی 20ی خولی ئیتاڵیا بوو. بەم گۆڵەش یاریزان زانیۆلۆ بووە بچووکترین یاریزان لەمێژووی خولی ئیتاڵیا بتوانێت زیاتر لەدووگۆڵ لەیەک وەرز تۆمار بکات. کە پێشتر بەرامبەر ساسۆلۆش بەر لەو یارییە گۆڵی تۆمارکردبوو، زانیۆلۆ لە دایکبووی ساڵی 1999یەو تەمەنی 20ساڵە.

محەمەد سەلاح هاتە پێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی

یاریزانی میسری و یانەی لیڤەرپوول، محەمەد سەلاح توانی پێشەنگی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی بەدەست بێنێت، دوای ئەوەی دووگۆڵی لەیاری رابردووبان بەرامبەر یانەی کریستال پالاس تۆمارکرد، کە بەئەنجامی 3-4 گۆڵ سەرکەوتنی تۆمارکرد، لەو یارییەی لەسەر یاریگای ئانفیڵد لەچوارچێوەی رکابەرییەکانی گەڕی 23ی خولی پریمەرلیگ بەڕێوەچوو. بەم دوو گۆڵەش سەلاح بووە خاوەن 16گۆڵ لەم وەرزەو پێش ئۆبامیانگی یاریزانی ئارسنال و هاری کین سەرکردەی تۆتنهام کەوتەوە. هەروەها لیڤەرپوول بووە خاوەنی 60خاڵ و بەجیاوازی 7خاڵ لەپێش یانەی مان سیتی خاوەن پلەی دووەم دێت، کە ئەویش شەوی رابردوو بووە میوانی یانەی هێدرسفیڵد تاون، لەهەمان کاتیشدا خاڵەکانی کریستال پالاس لە 22خاڵ مایەوەو لەپلەی 14دایە. لەلایەکی دیکەوە محەمەد سەلاح بووە خاوەن 50گۆڵ لەخولی ئینگلیزی و خێراترین یاریزان لەمێژوویی ئەم خولە بتوانێت لەماوی 72یاریدا تۆمار بکات، کە هەمان ژمارەی فێرناندۆ تۆرێسی ئیسپانییە لەگەڵ یانەی چێلسی. لەکاتێکدا ئەستێرەی پێشووی مان یونایتد ئاندی کۆڵ خاوەنی خێراترین 50گۆڵە لە 65یاریدا، لەپلەی دووەمیش ئالان شیرەری ئەستێرەی بلاکبێرن دێت بە 66یاری، رۆدڤان نیستڵرۆی لە 68یاریدا 50گۆڵی تۆمارکردووە، سەلاحیش لە 72یاریدا 50گۆڵی هەیە.

مباپێ لە سەرۆکی فەرەنسا کاریگەرترە

ناوبانگی ئەستێرەکانی تۆپی پێ، کاریگەریی زۆری بەسەر شەیدایانیان، لەسەرتاسەری جیهاندا هەیە، بە پێچەوانەی سیاسەتکاران، کە ئەرکیان تەنیا لەو پۆستەدا کورت دەبێتەوە، کە دەسەڵاتی وڵاتەکەیانی پێ بەڕێوە دەبەن، ئەوەش وایکردووە یاریزانێکی لاوی وەکو کیلیان مباپێ، هێز و کاریگەریی لە سەرۆکی فەرەنسا زیاتر بێت. گۆڤاری فانیتی ڤێری ئەمریکی، لیستی ئەو ناوە فەرەنسیانەی ئاشکرا کردووە، کە خاوەنی زۆرترین کاریگەرین لە وڵاتەکەیاندا، کە ئەستێرەی کەلەشێرەکان و یانەی پاریس سانجێرمان، کیلیان مباپێ، لە پلەی سێیەم دێت، لە دوای دیزاینەری بەناوبانگی جلوبەرگ، ئەلهادی سلێمان، رۆمانووسی ناسراو لەیلا سلێمانی. گۆڤارەکە رووی دەکاتەوە، یاریزانی لاو کیلیان مباپێ، پاڵەوانی جیهان لەگەڵ کەلەشێرەکان لە مۆندیالی رووسیا ?2018لە چەندین ئەستێرە، کەسی بەناوبانگ، کارساز و سیاستەکاران، بە هێزتر و بە هەژموونترە، لە سەرووی هەموشیانەوە، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن، کە لە پلەی پێنجەمی کەسە کاریگەرەکان دێت لە فەرەنسادا. گۆڤارەکە دەڵێت، هۆکاری هاتنی مباپێ لە پلەی سێیەم، دوای پێشەوایەتیکردنی فەرەنسا بۆ بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالی رووسیا 2018دێت، بۆ جاری دووەم لە مێژووی خۆیدا، دوای بردنەوەیان لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی کرواتیا، بە ئەنجامی چوار گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ، خۆیشی بە باشترین یاریزانی لاو لە مۆندیال دەستنیشانکرا، دوای تۆمارکردنی چوار گۆڵی کاریگەر بۆ کەلەشێرەکان. گۆڤارەکە پێی وایە، کیلیان مباپێی تەمەن 19ساڵان، بەو بەهرەیەی هەیەتی، چووە نێو جیهانی داهێنەران، توانیشی جەماوەر رازی بکات بەوەی هەیەتی، بۆیە توانی رکابەریی ئەستێرە، کەسانی بەناوبانگ، کارساز، زانا و سیاسەتکاران بکات، لە سەرووی هەموشیانەوە، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆنی تەمەن 40ساڵان.

رەمزی میرەکانی





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 20. Jan. 2019 No: (5675)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

ئەو ڕۆژە، تووشی مامۆستا بەشیر هاتم، بینیم زۆر بێتاقەتە و گۆپاڵێکی بەدەستەوەیە، گوتم:
ـ چ بەڵات نەبوو، ئەوە خێرە.
گوتی:
ـ هەر بەردەکی لەسەر دابنێ.
گوتم:
ـ دەترسم دوای تەقاویت بوونت، بێ تاقەت بوویت.
گوتی:
ـ ناوەڵلا، ئەوە بەفر پێی کردم.
گوتم:
ـ ئێ بەفر خێر و بەرەکەتە، کوا خۆ لەناوشار بەفر نەباریوە.
وەرامی دامەوە:
ـ ژنەکەم منداڵەکانی تەنگاوکرد و ئیلاوبیلا دەبێ بچینە ناو بەفرێ، گوتم: عورمێ ئەمن تاقەتی ئەو بەزمەم نییە، ئەوە تڕومبێل لەگەڵ منداڵەکان هەڕوون، کەچی لێم تووڕە بوو و گوتی: ئەوجە تەقاویت بوویت بۆ ئەوەی خۆت لە کونی مااڵوە بئاخنی.
مامۆستا بەشیر دریژەی بەقسەکانی دا و گوتی:
ـ بە تۆبزی سواریان کردم و بردمیانە سەر سەفینی، بایەکی زۆر ساردی دەهات و لەرزم گرت، ژنەکەم لە منداڵەکان بەگوڕتر بوو بۆ شەڕە بەفر، چەندی گوتم با زوو بڕۆینەوە بەاڵم کەس وەرامی نەدامەوە.
مامۆستا بەشیر، لەسەر سەکۆی بەردەم دوکانێک دانیشتن و گوتی:
ـ پاش نۆژی عیشایێ بەرێکەوتین، گەیشتینە سەیتەرەی شەقاڵاوە، دەتگوت تڕومبێل باریوە، لە مێرووڵە هێورتر دەجوواڵنەوە، هەستم کرد بیاڵمانێ تەنگاوم، ئێ ڕوو لەکوێ بکەم، کوو دابەزم خلیسک دەبەم، بە کورەکەم گوت: ئەوە باشە، تووشی ئەو فەاڵکەتەتان کردم، ژنەکەم وەرامی دایەوە:
ئەرێ دە ڕەزای خۆت گران مەکە، ئەدی ئەو هەموو پیاوەی نابینی وا لە تەنیشت ژنەکانیانن، سەرت نەیەشێنم بە چوار سەعاتان لە شەقاڵاوەی گەیشتمەوە هەولێرێ، ئێستاش قاچم ژان دەکات و هەموو لەشم دەڵێی کوتراوە.
ئەمە سەربردەی تەقاوێتێک بوو لەگەڵ بەفر.



ئەتەکێتی بەکارهێنانی ئەسانسۆر

ئا/ڕەسول سالح:


ئەنسانسۆرەکان دوو دوگمەیان هەیە، یەکێک بۆ سەرەوە و ئەوی دیکە بۆ خوارەوە، تۆ بۆ کام لا دەچیت، ئەو دوگمەیە لێبدە، ئەگەر بە هەڵە دوگمەی خوارەوەت لێدا، سەرەتا دەتبا بۆ نهۆمەکانی خوارەوە و دواتر دەتبات بۆ نهۆمی سەرەوە. زیاتر لە جارێک پەنجە مەنێ بە دوکمەکان. کە دوگمەکە داگیرسا، ئەوانی دیکە هیچ کاریگەرییان لەسەر ئەسانسۆرەکە نابێت، تەنیا خۆت پەریشانتر و نیگەرانتر دەکات. پێشینە بۆ ئەوانەیە کە لە ناو ئەسانسۆرەکەن و دەبێت ئەوان دابەزن، ئینجا تۆ سەردەکەویت و لە لای ڕاست ڕاوەستە تا ئەوان دادەبەزن. ئەگەر لە شوێنێک دوو ئەسانسۆر هەبوو و ئافرەتێکی تەنیا وێستی ئەسانسۆرەکە بەکار بهێنێ و تۆ پەلەت نەبوو، لەگەڵیدا سوار مەبە و چاوەڕێی ئەسانسۆرەکەی تر بکە. ئەگەر بۆنێکی ناخۆشت لێدەهات، یا کەلوپەلی زۆرت پێ بوو، ئەسانسۆر بەکار مەهێنە و ئەگەر واشتکرد، کەلوپەلەکان بەرز ڕامەگرن با لە ئاست قاچەکانت بێت و نەبێتە هۆی بێزارکردنی ئەوانی دیکە.

چاپکراوی نوێ

ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی



بەرگی دووەمی کتێبی (ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی - پڕۆژەی نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی1898- 2015 بە قەبارەیەکی گەورە و 528 لاپەڕە، لە نووسین و ئامادەکردنی جەمال خەزنەدار کەوتە بەردیدی خوێنەران، ئەم بەرهەمە لە لایەن ئەکادیمیای کوردییەوە چاپکراوە.
شایانی باسە جەمال خەزنەدار ڕۆڵی دیاری لە نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەیە، خەزنەدار لە وێستگە جیاجیاکاندا (بەغدا، کوردستان، ئەوروپا) بەردەوامیی بە پڕۆژە گەورەکەی داوە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، ئەم پڕۆژەیە کە ناوی (ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی) یە، بەشێوەی پیت دەست پێدەکات، بەرگی یەکەم پیتی ئەلف بووە، بەرگی دووەمیش کە ئەم بەرگەیە تەنیا پیتی (ب)یە، دەست خۆشی لە مامۆستا جەمال خەزنەدار دەکەین، خەرمان بەرەکەت.



خۆشەویستەکەی لەدەست داوە و ئێستا خۆشەویستیی هەموانە

لە ڕواندز پەردە لەسەر پەیکەری (وەرداش) لادرا



ئا/ کامەران حاجی ئەلیاس

ڕواندز شاری عەشق و هونەر و جوانی، شاری پاشای گەورە و وەستا ڕەجەب و حوزنی موکریانی، شاری مامۆستا زرار ...بەڵێ ئەم شارە بەهۆی جوانی سروشتی و دیمەنە دڵفڕێنەکانی بۆتە هەوێنی داهێنانی نووسەران و هونەرمەندان. ئەوەی لێردا دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم ڕۆحی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە لەم شارەدا، هیچ گومانی تێدانیە مرۆڤایەتی و میهرەبانی لەسەرووی هەموو بەهایەکانی ژیانە ، زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە قەدەر وای لێکردوون لە سۆزی خۆشەویستیی دایک ، باوک ، برا ، خوشک، مام، خاڵ... بێبەش بن و بێکەس بن "وەرداش" یاخود(مستەفا یەکێکە لەو کەسانە کە لەکەسە نزیکەکانی و لە خزمەکانی بێبەش بووە ، بەاڵم ئەو سۆز و خۆشەویستییەی لەلایەن ڕواندزییەکان پێشکەش کراوە مەگەر هەر لەلایەن دایکەوە بەخشرێت ، جگەلەوەش وەرداش بە هۆی ئەڤین و عشقەوە تۆزێک باری دەرونی تەواو نیە ..بەاڵم مرۆڤێکە پڕاوپڕ لە عشق و ئەوین ئەگەر چی تۆزێک کەم ئەندامە لەڕووی عەقڵەوە بەاڵم مرۆڤێکە تا سەر ئێسقان ژینگە پارێزە..لە ناو بازاری ڕواندزی دەسوڕێتەوە و هەرچی پاشماوە هەیە هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتە شوێنی دیارکراو بێ ئەوەی کەس پێیبڵێت، ئەمە کاری ڕۆژانەی وەرداشە ، هەر بۆیە بۆتە سیبوولی شار و ڕواندزییەکان وەکو کەسێکی نزیکی خۆیان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، هەر ئەو عەشقەشە وای لە هاوشاریانی کردووە پەیکەرێکی بۆ دروست بکەن . وەرداش لەبەر ئەوەی باری دەروونی تەواو نیە هەموو جارێک لایەن کۆمەڵی گەنجی شارەوە دەیبەنە مزگەوت بەزۆری ڕیشی دەتاشن و گەرماوی بۆدەکەن و جلەکانی دەگۆڕن لە هەمان کاتدا لەلایەن بنەماڵەیەکی ڕواندز (مام جەبار) بەتایبەتیش لەلایەن (دایکە حەبیبە)ە خواردن و شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین دەکرێت ، نابێ نان خواردنی نیوەڕۆکەی (وەرداش)مان لەلایەن خواردنکەی کاک لوقمان حاجی دەبێت لە بیر بچێت. چەند مانگێک لەمەوبەر وەرداش تووشی نەخۆشییەک ببوو پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو، هەرزوو لەلایەن ڕاوندزییەکان دەگەیێنرێتە نەخۆشخانەی ئاشتی لە شاری سۆران و نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت، سوپاس بۆ خودا نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، لەدوای دەڕچوونی لە هۆڵی نەشتەرگەری هەموو چێن و تۆژەکان و جەماوەری ناوچەکە لە پیاو، ئافرەت گەورە و بچووک پۆل پۆل سەردانی نەخۆشخانە دەکەن، بێگومان بەرپرسانی حزبی و حکومیش لەو سەردانەدا بێبەش نەبوون نەخۆشخانەی ئاشتی بەجۆرێک قەرەباڵغ ببوو زۆربەی ئەوانەی لە نەخۆشخانەکە بوون لە کارمەندان و خەڵکی ئاسایی تووشی شۆک ببوون بگرە شەوەکان زۆر لە ڕۆژەکان قەرباڵغ تر بوو، دەبێ ئەمە چ ئەڤین و خۆشەویستی هاوشاریان بێت بۆ وەرداش دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە لە ڕێگەی پەیامنگەی هونەرە جوانەکانی ڕواندز پەیکەری "وەرداش" خۆشەویستی شار، کە پڕۆژەی دەرچوونی هەردوو قوتابی خۆشەویست (میقان دارا ، ئازاد سەلاحەدین) ە بەسەرپەرشتی (مامۆستا سۆران) و پەیامنگای هونەرە جوانەکانی ڕواندز جێبەجێ کرا لە ڕێوڕەسمێکی شایستە لە شاری ڕواندز کاتژمێر 11ی سێشەمە 15-1-2019لە سێپرێانی یانەی وەرزشی ڕواندز، لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەڤەرەکەو جەماوەرێکی زۆر و مامۆستاو قوتابیانی پەیامنگەی هونەرەجوانەکانی ڕواندز، پەردە لەلایەن دایکە (حەبیبە) خێزانی جەبار مام شێخ پەردە لەسەر پەیکەری "وەرداش" خۆشەویستی شاری ڕواندز لادرا.



سودەکانی بەفر

ئا: موحسین قەرەژکی - شەتلاوە

هەڵبەتە وەرزی زستان یەکێکە لە ساردترین وەرزەکانی ساڵ ، بە وەرزی سەرما و سەهۆڵ ناسراوە ، بۆ گەشتیاران هیچی کەمتر نیە لە وەرزەکانی دیکە ، بەڵکو هاوشێوەی وەرزەکانی دیکە گەشتیاران دەچنە دەرەوە و چێژ لە جوانیەکانی سروشت وەردەگرن ،بەتایبەتی لە کاتی دەستپێکی بەفر بارین . بەاڵم گەشتیاران کە دەچنە ناو بەفر دەبێت هۆشیار و ئاگادارین ،بەتایبەتی شۆفێران لە کاتی شەختە و بەستەڵەک دەبێت ڕێنماییەکانی هۆشیاری هاتووچۆ و ڕێنماییەکانی تەندروستی لەبەرچاو بگرن ، لە پێناو سەلامەتی خۆیان و گەشتیاران بە گشتی ..بێ گومان بەفر جگە لەوەی دیمەنێکی جوان بە سروشت دەبەخشێت و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی . هاوکات لە ڕوانگەی تەندروستی چەندین سودی جۆراوجۆر دەبەخشێت بە جەستەی مرۆڤ .
بە گشتی سوودەکانی وەرزی زستان و چوونە ناو بەفر :
- سەرما کاریگەری لەسەر توانەوەی چەوری لەش هەیە.
-هەڵمژینی ئۆکسجین لە کەشوهەوای ساردا ، کاریگەری ئیجابی لەسەر سیەکان و ئامێری هەناسەدان هەیە.
-وزەی زیاد دەبەخشێت بە جەستە و ڕێژەی هۆرمۆنی ئاسوودەبوون بەرزدەکاتەوە.
-کەشوهەوای ساردە یارمەتی مێشک دەدات دژی خەمۆکی و بێزاری.
- پڕۆسەی سووتاندنی خواردن، و چاالک کردنی خانەکانی سوتاندنی چەوری بەهێزدەکات.
-یاری کردن و جوالنەوەی سوڕی خوێن باشتر دەکات.
- شێرەبەفرینە و شەرەتۆپەڵە بەفر دڵنەوایی ئاسوودەیی دەبەخشێت بە دڵ و دەروون..
بەاڵم نابێت ئەوە لە یاد بکەن لەکاتی هاتنە دەرەوە بۆ ناو دیمەنەکانی بەفر دەبێت جل و بەرگی زستانە بپۆشن، لە پێناو پاراستنی تەندرستی و سەلامەتی خۆت.